ئایا ساندرز دەتوانێ قازی ڕشکۆی ئەمریکا؟...عەلی مەحمود محەمەد

تیۆری قازی ڕش ئۆگەر بۆتەمای بیت بۆت دەرچێت نۆگبۆتیۆو دەبێت هەر چاوەڕوان بیت نەخوازڕا لە ئەمریکاش, لە ساندرز بە ئیرادەوە جەنگ لە هەمبەر گەورەکان دەکات بە ئەوەی بگات بە قازی ڕش, کە جیهانی دیلمەن و یەکسانی لە ژێر پێو باڵکی خۆیان شاردەتەوە.دوا ڕاپرسی ڕۆژی چوارشەمە 19ی فیبریەوەری ڕۆژنامە بەناو بانگەکانی واشنتەن پۆست و ئای بی سی نیوز دەریدەخەن , بیرنەر ساندرز لە پێشەوەی کاندیدەکانی پارتی دیموکراتە بە پێستی سەرك کەمار بە هەنانی 32% ی دەنگەکانی بەربژڕەکانی پارتەکەی, بایدن17%, بلمبەرگ 14%و ئەلیزابیس وارین 11% و ....هاوکات ساندرز بە 30% لە پێشی هەمووانەوێ بە سەرکەوتن بەسەر ترامپدا, بایدن 19%, بلمبەرگ18% و .... لە لایەکی ترەوە لە نوێترین ڕاپرسی ناو دیموکراتەکاندا کە سی بی ئێس و ئێن پی ئاڕ ئەنجامیان داوە , ساندرز بە هەنانی ڕۆژی 35% لە هەڕەمی نیڤادا سەردەکەوێت, وە دووەم دەبێت لە هەڕەمی کارولینا بە ڕۆژی 20% , وە 46%ی باڵی پێشکەوتنخوازی دیموکراتەکان دەنگی پێ دەدەن, ئەلیزابیس وارین 19%, هاوکات 41%ی پیاوان و 24%ی ژنان دەنگدەری ئەون, وە 54%ی گەنجانی کەمتر لە 45 ساڵ و 13%ی پیرەکان دەنگی پێ دەدەن, کەواتە ساندرز نوێنەری داهاتوو وە گەنجانە, لەم هەلمەتدا کەپی ژێر خەڵمێشکە دانامرکێتەوە.

سەرکوتنی ساندرز لە ڕاپرسیەکان پێش کەماریەکان دیموکراتەکان بە تایبەتیش باڵی ڕێستریتی ناو دیموکراتەکان پێیان هەزم ناکرێت , بۆیە بە پەلە بلەمبەرگی جولەکەی خاوەند 68,9 ملیار دۆلاریان هەنایە پێشەوە بە ئەوەی بیکەنە لەمپەرێکی بەهێز لەبەردەم دەرچوونی , دوو جوو بە دو جیهان بینی و دیدی جیاوە لە مەیدانن, ئەوان پێیان وایە سەرمایەی بلەمبەرگ کە 23 جار زیاترە لە ترامپ, سەرکەوتنیان بە دڵنیاتەوە, سەرکەوتنیان دەکات بە دوو, هەم ساندرزی چەپگەرایان لە کۆڵ دەکاتەوە, هەمیش ترامپ و کۆشکی سپیان بە دڵگەرمنتەوە.موئەسەسەی سیاسی دیموکراتەکان و سەرمایەداران و باڵی ڕاستی دیموکراتەکان بەهەموو هێزیانەوە بەرەو ڕوی ساندرز بونەتەوە, ئەویش پێیگیرانە بە سەمینەوە لە جەنگ سیاسیەکەی

بەردەوام, سەرکردەکان دیموکرات دژ بە ترامپ باشتر دەزانن لە کاندیدکردنی ساندرز بەهۆی ترسیانەوە لە وشەی سۆسیالزم, تەنانەت دژگای ئیباکی جولەکەش دژ ی وەستانەوە بەهۆی هەڵوێستکانیەوە سبارەت بە چارەسەری دژی فەلەستین و ئیسرائیل .

وەرای ئەوەی خەی جووو لە کەمپەینکانی جوشدا گەورە بووە, ساندرز موعجیزەی بیوجین فیکتەر دیبسە, چالاکوانی کرێکاری و هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی سۆسیالستی سەرتاکانی سەدەی بیستی ئەمریکایە, کە لە ساڵی 1912 زیاتر لە 6%ی دەنگەکانی ئەمریکای هێنایەوە, بانگەوازی روخانی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگای سۆسیالستی دەکرد, تەکانی گەورەی بە بیری سۆسیالستی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا, ئێستا ساندرزیش بە تەمەنی 78 ساڵەی گەنجانەوە ئەمسەرو ئەوسەری ئەمریکا دەکات, وەک زەری نیارکانی , بەتام بە وڕەو توانایەکی گەنجانەوە بڕەو بە هەڵمەتکەی دەدات, پارە لە دەوڵەمەندەکان وەرناگرێت بە بانگەشە, بەکە دیەوێت بە یاسا بەخششکان ڕك بخات و کۆتایی بە کورسی کەین بهێنێت, ناوەندی کەمکەکانی 15 دۆلارن.

مایکل کازین مێژوو نوس و مامۆستای زانکۆی جۆرج تاون لە نیورك تایمز نووسی ساندرز لەکاتی دەڵانیشیدا هەر براوەیە, چونکە بەرنامەی خۆی کردە بەرنامەی هەڵبژاردن , سۆسیالزمی کردە دیاردە, ئەکسایە کەرتیز ئەندامی کۆنگرەس لەسەر پارتی سۆسیالست دیموکراتی ئەمریکادەڵێت : گرنگیم بە سیاسەت نادا, لە دوکانك کارم دەکرد, ساندرز هێنامیە ناو سیاسەتەوە, دوای کاندیدکردنی بیرنی ساندرز , پارتی سۆسیالست دیموکراتی ئەمریکا ژمارەی ئەندامانی لە 6 هەزارەوە گەیشتە 56794 ئەندام ناوەندی تەمەن لە 60 ساڵەوە دابەزی بە 33 ساڵ , ئەکسایش ئێستا دوای ترامپ دووەم ئێستڕەی سیاسەتە لە ئەمریکا , لە هەڵبژاردنی پێشوو ساندرز 13 ملیۆن دەنگی هێنایەوە.

وەای باڵی نەرێتی دیموکراتەکانی نزیك لە ٥٠ ستریت کە توانای خۆیان یەکخستووە دژ بە ساندرز , ڕاگەیاندنەکانیش شەڕی مان و نەمانی لە گەڵ دەکەن, کە زەرینەیان لە لایەن ملیاردێرە ئەلیگارشیەکانەوە کەدراون, ساندرز کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە ئامرازی هەڕەشەنێر بە دەست سەرمایەدارانەوە دەزانێت.

ژماردنە ئابووبەرەکی هەڵبژاردنە ناوخۆیەکی دیموکراتەکان لە ئێواکە بەرپرسی حیزبی دیموکرات بووە قوربانی و دەستی

کەشایەوە, کەمپانیای شادوز کە ئەرکی ژماردنەکەی لە ئەستۆ بوو , متمانەی نەهێشت , دەریخست لە پشت هەڵبژاردنەکانەوە, فێڵ و گزی و سات و سەودا هەیە, حیزب دەبێت لە بەرامبەر کاندیدەکانی بڵایەن بێت, کەچی وا نییە.

لە هەڵبژاردنی ساڵی 2016 ەشدا , ساندەرز دور خرایەوە, دوبارەی سیناریۆکەیە ئەمەی لە ئەیوا بینیمان, ئەمریکا تژیی لەم نموونانە, لە ساڵی 2000لە فلەریدا جەب بۆش حاکم بوو, دەنگەکانی ئال گەری سوتاند لە بەرژەوەندی بۆش, تا سەری خست, لە ساڵی 2004 یش بۆش بەرامبەر کەری وایکردەوە, تەنها بەرامبەر ساندەرز وا نییە, لە فیلادلفیا بەرپرسی حیزبی دیموکرات بوب رادی هەڵەشەی کرد لە ئەندامانی پارتەکەی کە دەنگیان بە کاندیدەکی پارتی خەزانی کرێکاران " wfp, 52748 ئەندام " بەناوی برێکس داوە لە هەمبەر کاندیدی کەمارەکان, بە یەکەمجار لە مێژووی شارەکەدا سەرکەوت بە ئەنجومەنی شارەکە, لە کاتێکدا پارتی خەزانی کرێکاران کار بە سەر خستنی لیستی ئەلیسا بیس وارن و پارتی دیموکرات دەکەن.

ساندەرزو گەنجاندەزگای شیج بە هاوکاری دەزگای کولیج بولس لە راپرسییەکدا رایگەیاند نیوەی قوتابیانی زانکۆی ئەمریکی پشتیوانی بیرنی ساندەرز دەکەن بە هەڵبژاردنی سەرکایەتی ئەمریکا, ئەلیزابیس وارین کە پێشکەوتنخوازێکی دیکەی کاندیدەکانە پشتیوانی دووەمی هەیە بە رێژەی 18% و ئەندرە یانغ " أندرو يانغ کە داوای موچەی بنەڕەتی 1000 دەلار بە هەمووان دەکردو دروشمی "نە چەپ, نە ڕاست, بە پێشەوە" ی هەڵبژاردبوو 10% ی پشتیوانی گەنجانی هەبوو, دواتر پاشکشەی کرد , وسسسسس.. بەنی براون بەرپرسی بۆشی لەکەینەوە لە دەزگای شیج رایگەیاند دوو کەشە بنچینەیین بە قوتابیانی زانکۆ ژینگەو نا یەکسانی داهات, لەسەر ئەم بنچینەیە دەنگ دەدەن, ئەم داواکارییانەش لە بەرنامەی ساندەرزدا هەن.هاوکات بە پێی راپرسیەکان ساندەرز لەناو گەنجان و کرێکاران لە پێشەوەی هەمووانداا بوو لە نیو هامبشیر, گەنجان بە رێژەی 51% دەنگیان پێ داوە.

کورسی سەرکایەتی و شکستی ئەلگارشییەکان

تا 3ی فیبریوەری ئەمساڵ بانگەشەی هەڵبژاردنی کورسی سەرۆك کەماری 2,18 ملیار دەلار لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی خەرجکراوە, شکستی قورسەکە هەشتا زەری ماوە, سێ ئەلیگارشی زەبلاح لە شکستدان ئەوانیش بلەمبەرگ 386 ملیەن دەلاری خەرجکردوە, تەم ستایەر 199,99

ملیۆن دۆلار, ترامپ 232 ملیۆن دۆلار.
بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆماری لە ساڵی 2016 بۆی 6,51 ملیار دۆلار تێچووی بووە,لە ساڵی 2012 ئەدا بۆی 6,29 ملیار دۆلارو لە ساڵی 2008 بۆی 5,29 ملیار دۆلار تێچوی بانگەشەی هەڵبژاردنەكان بووە, بەم پێیە ساڵ لە دوای ساڵ نرخی كورسیەكە لە بەرز بونەوەدایە.
ساندەرز دەیەوێت شۆشكی سیاسی دژ بەم دیاردەی كورسی كەینە ئەنجام بدات, بە تایبەت لە پرسەی سیاسی و لەناویشیاندا دەنگدن و كەینەی كورسی سەركایەتی لە لایەن ملیاردەرەكانەوە, دەیەوێت دەستەاتەوە بە زەرینەی خەڵك كە بە سەرمایەن .
پێشتر بلەمبەرگ لە نێوان ساڵانی 2002 بۆ 2013 , زیاتر لە 270 ملیۆن دۆلاری خەرج كرد بۆ كەینەی پێستی پارێزگاری شاری مۆزنی نیۆیۆرك , ئێستا دەیەوێت هەمان پرسە دوبارە بكاتەوە بۆ كەینەی كۆشكی سپی, بەمەش ململانێی سیاسی لە ململانێی بەرنامەو جیهان بینییەكانەوە دەبەتە ململانێی كەینەی كورسی سەرۆك كۆماری.

ساندەرز دژایەتی سامانی بلەمبەرگ هاوتایە بە سامانی 125 ملیۆن ئەمریكی هەژار , ئەمەش لە بنەڕەتەوە كارێكی نا ئەخلاقی گەورەیە, ڕەخنەی لە هەڵوێستەكانی بلەمبەرگ سەبارەت بە لانی كەمی كرێ , ئاسایش بە تایبەت بەرامبەر بە ڕەش پێستەكان, باج لەسەر دەوڵەمەندەكان و ڕەكخستنی ڕێ ستریت گرت.بلمبەرگ تا ئێستا زیاتر لە 300 ملیۆن دۆلاری تەنهالە پێپاگەندەی تەلەفزیۆنی خەرج كردووە, ڕۆژانە ملیۆنێك دۆلار لە ریكلامی فەیسبووك خەرج دەكات, 40 ملیۆن دۆلاری تەنها بە هەڵبژاردنی 3ی مای سەشەمای گەورە تەرخان كردووە, كە هاوتا لە 14 هەرەم هەڵبژاردن بەنرخ دەچێت, 40 ملیۆن دۆلاری بە هەڵبژاردنی كالیفۆرنیاو 33 ملیۆن تكساس, ... تەرخانكردووە , وەك رایگەیاند ئەركی تەنها ئاوێە ڕەگری بكات لە دژچوونی ساندەرز, بە پشتبەستن بە باڵی راستی دیموكراتەكان.بلمبەرگ تاوانبارە بە ڕەگەزپەرستی, ماملەی خراپ لە گەڵ ژنان, خەڵكی دزینەوە لە باج... , هەرچەندە دژایەتی دوای سەركەوتن كەمپانیا راگەیاندنەكەم دەفرۆشم بە ئاوای بەرژەوەندییەكان لەكنەدەن وەك ئێستای ترامپ.

ساندەرزو سۆسیالزم

ئەنجومەنی ڕاوێژكارانی ئابووری ئەمریكا, بیرنەر ساندەرزی لە پاڵ ماركس و لینین و ماو ریز كرد, تەرِ ریجان لە فۆكس نیوز هەڕشی توندی كردە سەر وڵاتی دانمارك و بە وڵاتی ناشرینی سۆسیالستی ناوی برد, ماوێكە بەهای ساندەرزەوە بە گۆدانە ئاوای لە وڵاتانی

ئەسکەندیناڤی بەتایبەتیش دانمارك و فینلەند, راست لەسەر حوکمن یان چەپ, بەهەی سیاسەتی پەروەردەو تەندروستی و ژینگەییەکیانەوە, لە لایەن بالی راستی ئینتی سەسیالستی کەماریەکانەوە هەرش دەکرێتە سەریان.

ساندەرز دیارە هەندە ریفەرم بکات وەك هاوپەیمانە ئەوروپیەکانی ناتە لە ئەوروپا, نەك سەرمایەداری بوخنەت,نە سەسیالزمەکەی ساندەرزو نە ئەوەی دانمارك و سویەد, نە ئەوەی فەکیاماش کە بە پویستی دەزانێت بە ئەستای مرۆڤایەتی دوای واز هێنانی لە تیری کۆتایی مێژووەکەی, لە کۆتایدا چارەسەری ریشەیی کێشەکانی سستەمی سەرمایەداری ناکەن, ئەم سەسیالیزمە موکەداریەتی تایبەتی هەڵناوشێنێتەوەو حکومەتی کرێکاریش دانامەزرێنێت, بگرە هەر سەرمایەداری بە کەمەك ویژدان و مکیاجێوە لەسەر تەختی دەسەڵات دەهێڵێتەوە.

کەسەك داوای کرێ زیاتر و هاوکاری و پشتیوانی بکات بە سەسیالستی دەدەنە قەڵەم,ئەستا زۆر لە ئەمریکیەکان بە پەژارەیف سەیری سەسیالزم دکەن, سەسیالزم کرێی زیاتر و بیمەی تەندروستی و بێکاری و خوێندن بە خۆڕایی و ... بێت , بەخۆر بێت.
لە راپرسیەکی پەیمانگای کول ئاپ دا 65%ی دەنگدەران بەچونی پەژارەیفیان لەسەر سەسیالزم هەیە, ساندەرز دەڵێت ئەوان دەتان ترسێنن بە سەسیالزم لە راستیدا خەیان سەسیالستخوازی کەمپانیاکانن, بەڵام ئەمە سەسیالستی زەرینەین, بانگەشەی ساندەرز وایکردووە لە دەوڵەتکی سەرکەوتکەری نەرێتخوازی تۆندی بیری سەسیالستی وەك ئەمەریکا, وایکردووە لە هەموو کات زیاتر گفتوگۆ بکرێت لەسەر وشەی سەسیالزم.

هەرچەندە ساندەرزپشتنگ بوو لە بزووتنەوەی 15 دۆلار بە کاژێرەك کارو پشتیوانی داخوازەکانی مامەستایان , لە یەکێتی مامەستایانی شیکاگۆ , بە کەمترین لە نیوەی دەنگەکان رێتی کردەوە پشتیوانی بانگەشەی ساندەرز بکەن, 136 دژ , 121 لە گەڵ و 28 بەڵایەن , بەهەی هەڵوەستی ئەپەرتەنستیانەی سەرکردەکانییەوە, لە یەکێتی کرێکرانی پست, پەرستیارانی یەکگرتوی نیشتمان, کرێکارانی کارەبا, ساندیکی کرێکارانی لەس ئەنجلس و .....پشتیوانی هەمەتەکەین , وەڵای زەرینەی پارتە چەپ و مارکسیەکانی ئەمەریکا لە نەویاندا پارتی سەسیالست دیموکرات و حیزبی شیوعی.ئەم بزاوتە جێگای رەزو پشتیوانی و گرنگە بە بزاوتی سەسیالستی جیهانی, ئەوەی جیمی کەربین و بیرنی ساندەرز کردیان لە دوو وڵاتی نەرێت پارەزدا, گرنگی مێژووی خێی هەبوو, بە

دژنەچونیشیان خزمەتی گەورەیان بە بزووتنەوەی سەیالستی کردو جێی خۆیەتی پێندو ئەزموون لە تاقیکردنەوەکانیان وەربگرتریت, بەکارهێنانی پارتی سەرمایەداری بۆ ئامانجی سەیالستی. بەڵام تاکە ڕێگا سەیالزمەکەی کارل مارکس لە سەردەمی ئێستادا بۆ جێگرتنەوەی سستەمی سەرمایەداری کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وەحشیگەرایەکەی لە بواری نایەکسانی, جەنگ و وەرانکردنی ژینگە.. دەردەکەوێت, سەیالزمێك بۆ تامی مرۆڤایەتی بۆ سەردەمی پیشەسازی زیرەك و شێوازی چواری پیشەسازی و لە دایك بوونی بریکاریا.

دەقی ئەدەبی لە نیگاری کاریکاتێریدا … بەشی (2) … هەندرێن خۆشناو

بەم شێوەیەش بوونی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەریدا جێبەجێکردنی چەند ئامانجێکی دیاریکراوی بەسەردا دەسەپێنێت، بە بەکارهێنانی چەند ئامرازێکی دیاریکراو، لەوانە ئامرازی دەربڕینی ئەدەبی(توانج یان هەندێك جار دەقێکی ئەدەبی درێژ)، ئەمەش هیچ لە گرنگی نیگاری کاریکاتێری کەم ناکاتەوە، دەقی گالتەجارێش پێویستی بە بەهرە و کارزانی کەمتر نیە لە بەهرە و کارزانی پێویست لە نیگارێکی شێوەکاری گاڵتەجارێدا، کەواتە سەرکەوتنی نیگاری کاریکاتێری یان دابەزینی ئاستەکەی، پەیوەست نیە بە بوونی یان نەبوونی توانج یان دەقێکی ئەدەبی تێیدا، بەڵکو زۆرێك لەو کاریکاتێرانەی کە بەتاڵن لە هەر توانج و دەقێك، کەچی سەرکەوتووش نین، چونکە ناگەنە ئاستی پێویست لە گاڵتەجارێدا، بەدەنگەوەچوونێکی گاڵتەجاڕ یان کۆمیدیایی لەلایەن بینەرەوە بەدەست ناهێنن، تەنانەت ئەگەر بە کارزانیەکی شێوەکاری بەرزیشەوە جێبەجێکرابن، بنەڕەتەکە لە کاریکاتێردا گاڵتەجارییە، ئەگەر گاڵتەجارێش وونبوو کاریکاتێریش وون دەبێت، ئەمەش بەهەمان شێوە لەسەر دەقی ئەدەبیش لە کاریکاتێردا جێبەجێدەکرێت، ئەگەر بوونی هەبوو، کاتێك هونەرمەندی کاریکاتێریست بیرۆای وابوو کە بۆ بەدەستهێنانی بەدەنگەوەچوونی خەڵکی، پێویستی بە دەقی ئەدەبیە لە کاریکاتێرەکەدا، ئەمەش کەموکوڕی نیە، بەڵکو

کارزانیە لە دوو جۆر لە هونەرە گاتەجاییەکاندا، گاتەجای شێوەکاری و گاتەجای ئەدەبی، گرنگ ئەوەیە کە کاریکاتێریست دەقی گونجاو و داواکراو و سەرکەوتوو هەبژێرێت، بەڵام ئەگەر ئەم دەقە تەنیا تێئاخنین بێت یان شیکردنەوەی وێنەکە بێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە گەچانە، و ئەو گەچانەش ئەرکی داواکراوی خۆی جێبەجێ ناکات.

سەبارەت بە تاوانبارکردنە گشتیەکە و دیدگا لووت بەرزییەکەش بەرانبەر بە ئەدەبی گاتەجاێ، پەیمان وایە ڕاست نیە، چونکە هەموو هونەرەکان کاریگەریان لەسەر یەک هەیە، هەروەک چۆن ئەدەبی گاتەجاێ هونەری شێوەکاری بەکارهێنا، هونەری شێوەکاری گاتەجاێیش پێویست بوو ئەدەب بەکاربهێنێت. ئایا دەتوانرێت بگوترێت نیگارە گاتەجارەکانی هاوپێچ، دارەشەقەی کارە ئەدەبیەکانی (سەرڤانتس) و (گوگۆل) و (دانتێ) و (بەلزاك) و ئەوانی تر بوون؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر.

بەکو کارەکانی ئەو ئەدیبانە پاڵنەرێك بوون بۆ هونەری کاریکاتێر خۆی، و بەبێ نیگارە هاوپێچەکانیش دەگەیشتنە جەماوەر، بەڵام ئەو نیگارانەیان بەکارهێنا بۆ کاریگەرترکردنی زیاتری ناوەڕۆکە کۆمیدییەکەیان، هەمان قسەش لەسەر کاریکاتێر جێبەجێ دەکرێت. هەبەتە ئەو نیگارە کاریکاتێریەی کە واز لە دەقی ئەدەبی دێنێت، لێهاتوویەکی بەرزە و لە بەری پێشەوەیە لە نێو نیگارە کاریکاتێریەکانی تردا، چونکە بۆجگە لە پشت بەستنی بە تاکە ئامرازێکی ڕادەربڕ، ئەویش شێوەکارییە، لە هەمان کاتدا خاوەن جەماوەرییەکی فراوانترە، کە دەتوانێت بگاتە زۆرترین چین و توێژەکانی خەڵك بە جیاوازی زمانەکانیانەوە، دەرئەنجام جیهانیە، ئەگەر ملکەچی چەندین ڕەچاوکردنی تر بوو، وەکو پێکهاتەی دەروونی گشتی لای هەموو خەڵك، و پشت نەبەستنی بە خەسڵەتە کولتووریە نا تێگەیشتووەکان لای خەڵکانی تر‌ەوە، ئەگەر نەگەیشتە پلەی جیهانیش، ئەوا لە هەموو نێوەند و چینەکانی خەڵکی یەك وڵاتدا تێدەگەن، و توانای گەیشتنی هەیە تەنانەت بە توێژە نەخوێندەوارەکانیش.

کاتێك بەرگری لەبوونی دەقی ئەدەبی دەکەین لە نیگاری کاریکاتێریدا، مانای هەڵرشکردنمان بۆ سەر کاریکاتێری خاڵی لە دەقی ئەدەبی نیە، مەبەستمان ئەوەیە کە جیاوازیان نیە، ئەگەر دەقێکی خاوەن بونیاتێکی گاتەجاێی پوخت بوو، لەلایەنی کاریگەرییەوەش نەك لەلایەنی بۆ دەسەاتی شارەزایانە جێبەجێکرابوو، ئەمەش خوێنەر دەتوانێت دیاری بکات بەبێ کۆششێکی تایبەت، دەنا دەقی ئەدەبی لاواز

نابەتە گەچانەك، كاريكاتێرەكە خۆی لەسەردا ڕاگرتووە، بەكو دەبێتە بارگرانیەك لەسەر پشتی كاريكاتێرەكە.

ڕەشنكاری سەبارەت بە كاريكاتێری هاوپێچ:
كاريكاتێری برسێتی لە كاتی شەڕی ناوخۆی ئەمريكادا، دەزگايەگی خێرخوازی يارمەتی بەسەر كرێكارە بێكارەكان دابەش دەكات، يەكێك لە كارەكانی جۆن تێنيل 1862.

وانەی هونەر بۆ مامۆستای هونەر! … سەديق سەعيد ڕواندزی

ئەگەرچی، وانەی هونەر وەك هەر بابەتێكی ديكەی خوێندن، لە خشتەی وانەكانی هەفتەدا هەيە، لە بازنەی يەكەم لە هەفتەيەك دوو وانە و لە بازنەی دووەم، دەبێ هەفتەی وانەيەك بخوێنرێت، وەلێ لە زۆربەی هەرە زۆری قوتابخانەكانی ئێمەدا، ئەو وانەيە، بە وانەيەكی لاوەكی دادەنرێت و پەراوێز دەخرێت. يان وانەكە ناخوێنرێت، ياخود بەشە وانەی بابەتی هونەر، بە بابەتی تر پێدەكرێتەوە.

بێگومان هێكار زۆرن بۆ پشت گوێخستنی وانەی هونەر لە قوتابخانەكان، كە ئەنگە دەرفەت نەبێت لێرەدا باسی هەموويان بكەين. وەلێ يەكێك لە هۆكارە دياركانی بايەخ نەدان بە وانەی هونەر، بۆ نەبوونی مامۆستای پسپۆڕی هونەر لە قوتابخانەكان دەگەڕێتەوە. چونكە نابێ ئەوەمان بيربچێت، كە هونەر پسپۆڕايەتی و تايبتمەندييە. وەك چۆن هەموو مامۆستايەك ناتوانێت بە نموونە وانەی ئينگليزی بڵێتەوە، بە هەمان شێوەش، مامۆستا ناتوانێت وانەی هونەر بە قوتابييان بڵێت و فێری وێنە كێشان و هونەرەكانی ديكەيان بكات، ئەگەر پسپۆڕييەكەی ئەو بوارە نەبێت.ئەگەرچی، قوتابی بەهرەمەند، لێهاتوو لە ڕووی هونەرييە وە بەشێوەيەكی خۆرسك بوونييان هەيە، وەلێ ئەگەر ئەو پەهرە و توانا خۆرسكييانە پەروەردە نەكرێن، بێگومان سەرەنجام دەپووكێنەوە.بۆيە ئێمە پێويستيمان بەوەيە، بە شێوەيەكی ديكە گرنگی بە وانەی هونەر بدەين. شێوەيەك كە ڕێگە و ميتۆدێكی ئاسان لە خۆ بگرێت.

بۆ ئەوەی مامۆستا بتوانێت ئەگەر پسپۆرییەکەشی هونەر نەبێت، زانیارییەك بداتە قوتابیان.لێرەوەش دەبێت میتۆدێکی ئاسان و ساکار هەبێت، تاکو لەگەڵ هزرو تێگەیشتنی قوتابیانی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و قۆناغەکانی دواتر بگونجێت. نەك میتۆدێك بخرێتە بەردەست مامۆستا،کە چەندین بابەت و زانیاریی وردو ئاڵۆزی تێدابێت و نەتوانرێت بگەینرێتە قوتابیان و خوێندکاران.
لەو ڕوانگەیەوە، کتێبی(پەروەردەی هونەرپۆلی یەکەمی بنەڕەتی) کە وەك ڕێبەرێك بۆ مامۆستایان داندراوە، میتۆدێکە، بابەتی قۆناس و ئاڵۆزی تێدایە کە ئەستەمە قوتابی و خوێندکارانی پۆلی یەك بتوانن سوودی لێببینن. ئەم کتێبە کە(مخەلیل عەلی عەبدوڵا) ئامادەی کردووە، وەك ڕێبەرێکە تاکو مامۆستا بتوانێت لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، بیکاتە نەخشە ڕێگایەك و بە هۆیەوە وانەی هونەر بە قوتابیان بڵێتەوە.ەنگە ئامادەکاری کتێبەکە، بیری چووبێت کە بە هەزاران قوتابخانەی ئەمە، مامۆستای پسپۆڕی هونەرییان نییە. ئیدی چۆن دەتوانن بەو میتۆدە زانستی و هەمەلایەنە هونەر بڵێنەوە.

لەو کتێبەدا، چەندین چەمك و دەستەواژە باسکراون، کە تێگەیشتنیان بۆ قوتابی قۆناغی یەکەمی بنەڕەتی قۆسە.تەنانەت بۆ خودی مامۆستایەکیش ئەگەر پسپۆرییەکەی هونەر نەبێت هەر قۆسە.
بۆنموونە: بابەتەکانی(پێکەڕەسەنایەتینەرمکۆشیجواناسی دەربڕینخوازی هێلکاری ئازادمانتایپکاری دەستێکۆلاژداوکاریهەویرکاریۆیساکلینئستاتیکاگرووپکاری_تایبتمەندی) ئەمانە و چەندین چەمکی تر.

ئاخۆ مامۆستایەك ئەگەر پسپۆرییەکەی هونەر نەبێت، دەتوانێت ئەو بابەتانە بڵێتەوە؟ مامۆستا چۆن و بەچ شێوەیەك چەمکی(ئستاتیکا)و(دەربڕینخوازی)بە نموونە بۆ قوتابیان شیبکاتەوە. لەکاتێکدا، هونەرمەندێك دوای ساڵانێکی زۆرلە کاری هونەری، ئەوکات بەرە و هونەری دەربڕینخوازی دەچێت. ئەم کتێبە، کە وەك ڕێبەرێك بۆ مامۆستای هونەر داندراوە، کتێبێکی ئاڵۆزە، ناتوانرێت بە پۆی ناوەڕۆکی ئەو ڕێبەرە، هونەر بە قوتابیان بگوترێتەوە ئەگەر مامۆستا دەرچووی نۆوەندێکی هونەری و پسپۆڕی هونەرنەبێت.
قوتابی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، نەك هەر لە مانای ئەو وشانە ناگات، بگرە نازانێ هونەر یانی چی. من خۆم وانەی هونەر دەڵێمەوە، ئەگەرچی پسپۆرییەکەشم کوردییە. هەرکاتێك باسی هونەر دەکەم، قوتابییەکان یەکڕاست(قەڵەم ڕەنگ و تێنووسی وێنەکردن) دەردەهێنن.

واتا لای ئەوان، هونەر تەنها بە مانای دروستکردنی وێنە.

بگرە هەندێکیان هەنگەکانیش ناناسن و پێیەوە ئاشنا نین وەك(ئەرخەوانی و سلقەروجەرگی) وتەنانەت سەوزو شینی کاڵیش.ئیدی نازانم، مامۆستا چۆن دەتوانێت بەو ڕوبەرە وانە بۆ قوتابییان بڵێتەوە؟.بۆیە پێشنیار دەکەم، لە بازنەی یەکەمی بنەڕەتی، وانەی هونەر، تەنها ناسینی هەنگەکان ودروستکردنی چەند وێنەیەکی سادەو ئاسایی بێت، دواتر وردە وردەو لە قۆناغەکانی دیکە، قوتابییان فێری ئەو چەمکانە بکرێن.

زۆربەی قوتابخانەکانی ئێمە، مامۆستای هونەریان نییە، بۆیە دەبێت ڕوبەڕوبك بۆ چۆنیەتی وتنەوەی وانەی هونەر لە قوتابخانەکان دابنرێت، کە لەگەڵ ئاستی زانیاریی وتوانای تیۆریی و پراکتیکی مامۆستایان بگونجێت. نەك میتۆدێك دابنرێت، باسی هونەر بە شێوەیەکی مەعریفی و ئەکادیمی و پسپۆڕی بکات. کە تەنها دەرچووانی بەشی هونەر لە کۆلیژو پەیمانگاکان، بزانن مەبەست لە ناوەڕۆکی بابەتەکان چییە. هیوادارم،هونەرمەندان و مامۆستایانی پسپۆڕی هونەر، لە دانانی هەر کتێبێکی خوێندنی وانەی هونەر، واقیعی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و تواناو لێهاتوویی مامۆستایانیان لە بەرچاوبێت. نەك لە ڕوانگەی خۆیانەوە کە هەموو شتێك لە بارەی هونەرەوە دەزانن، کتێب بۆ مامۆستایان و قوتابییان دابنێن!!.

*ئەم بابەتە لەڕۆژنامەی(هەولێر)ژمارە(3255)لە 2/2/2020بڵاوکراوەتەوە..

تیرۆرکردنی سۆرکردەی سۆسیالیست ئەحمەد فەقێ ڕەش چۆن و لە بەرچی؟ … شاخەوان شێرەش

بۆپشی پلانێکی داڕێژراو لەژێر چاتری ئێران و پارتیدا دوو پشمەرگەی پارتی ئازاد عەریف شێخ و حوسێن ڕەسول سۆرکردەی حزبی سۆسیالیست ئەحمەد فەقێ ڕەش لە شاری شنۆ لە ڕێککەوتی ٢٦/١١/١٩٨٥

دا تیرەر دەکەن. لە وتارەکەدا وردەکاری زیاتری ئەوسا و هەکاری تیرەرکردنەکە بخوێنەوە.
بەداخەوە باشوری کوردستان ئەو بەشەی کوردستانە کە تووشی دەرز و شەقبوونی سیاسی بووە، لەزووەوە و بەتایبەتی لە شستەکانی سەدەی رابردووەوە خەفرەشی و نەکەری و بێگانەپەرستی لەنێو پارتە رامیاریەکاندا گەرای کردووە، حزبەکان لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتیاندا ئامادەن زیان بەیەکتر بگەیەنن و هاوکاری داگیرکەران دژی یەکتر بکەن.
دووبارەکی و دژایەتی یەکتر لە نیوسەدەی رابردوودا زیانی کوشندەی بە خەباتی رزگاری نیشتیمانی ئەو بەشە گەیاندووە و بەتە بەربەست لەبەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی گەلدا، هەروەکو ئەو دەرزە سیاسیە کوشندەیە کاریگەری خراپ و تێکدرانەی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە نوواندووە و تائێستاش بەردەوامە. بەیە ئاماژە بەو لایەنە دەکەین، چونکە تێکۆشەری نەمر ئەحمەد فەقە ڕەش بووە قوربانی دەستی چەند چەکدارێکی کورد کە لەلایەن پارتێکی سیاسیەوە پشتگیریکران و ئێستاش پێنادەرێن. جەگەی بیرخستنەوەیە، کەوا ئەو جەرە تاوانکاریە لەرە و لەوەدا رووياندا و لەلایەن پارتە سیاسیەکانەوە لەژێر بەرژەوندیە نانیشتیمانیەکاندا بەرگری لێکراوە. بەیە ئەو تاوانەی لەردا نوسراوە یەکەم نمونە نیە.

لە ساڵی ١٩٧٩ دا هەرشەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران بەسەر شارەکانی کوردستان بوونەهەی شکان و کشانەوەی هێزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان بە شاخەکان و ناوچە سنوریەکان. لەداوی ئەوە سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیستی کوردستان پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەبەستێت، بەمجەرە هاتووچۆ دروست دەبێت. وەکو لەبەشی یەکەمدا گوترا لە ئەنجامی داگیرکردنی بارەگاکانی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست لە ١٩٨٣ دا لەلایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە، حزبی سۆسیالیست بارەگای سەرکردایەتی گواستەوە گوندی زەوکە، هەروەها زەربەی بەرپرس و فەرماندەکان ماڵومنداڵیان بردە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەحمەد فەقە ڕەش بانگکرایەوە سەرکردایەتی لە زەوکە، بەمجەرە لە هەرەمی ٩ ی باڵەك نەما.

بەیە ئەویش ماڵەکەی دەگوازێتەوە دیوی کوردستانی ئێران و لەشاری ورمێ نیشتەجێ دەبن. هەرچەندە ئەو دڵنیا نەبوو و زەر بە گومان بوو، چونکە دەیزانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران چاڵاکیەکانی ئەویان دژ بە هێزەکانی ڕژێمی ئیسلامی لەساڵی ١٩٧٩دا لەبیرنەکردووە و بەدوایەوەن و لەدەرفەت دەگەڕێن. زەرجار لای هاوڕێ پشمەرگەکانی دەیگوت

"هەرگیز لەوانە دڵنیانیم، هێژە ئەو دڵندانە دەمکوژن!".
جگەلە هێزەمی ئیسلامی لەبەرئەوەی فەرماندەیەکی مەفرەزە سەرتایەکانی هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری بوو و کەسێکی ناودار و خۆشەویست بوو لەناوچەکەی خۆیدا، لەلایەن لایەنە سیاسیە رکابەرەکانیشەوە ململانێی کراوە، بەڵام ئەو کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو و ملکەچی داواکاری هیچ لایەنێک نەبووە. بۆیە زانیارییەکان لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دژایەتی کراوە. دیارە ئەوسا پارتی پەیوەندی لەگەڵ هێزەمی ئیسلامی ئێراندا لەوپەڕی بەهێزیدا بوو و لە بەرەکانی شەردا دژی سوپای ئێراق هاوکاری سوپای ئێرانیان بۆخۆستی دەکرد، هەروەها بەبوونی کەسێکی بەهێزی وەکو ئەحمەد فەقێ هەش لە ناوچەکەدا واپێدەچێ دڵخۆش نەبوون، جگەلەوە هەکاریتریش هەبوون (لەخوارەوە نوسراوە) کەوابکەن پارتی ئارەزووی ئەو نەکەن.
لەو سەروبەندەدا لە هاوینی ساڵی ١٩٨٤ دا لەکاتێکدا سەرکردایەتی حزبی سۆسیالست لەلاوازیدا بوو و لە گوندی زەوکێ بووە، هێزی پارێزگاری ئەوتەی لە نەبووە، هێزێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرشتی بابەکر زێباری بەسەر سەرکردایەتی حزبی سۆسیالستدا دەدەن.
پێشمەرگەی دەرین ئازاد کاکل لەبەرگی دووەمی بیروڕیکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوسا پارتی زۆر دژی حزبی دیموکرات بوون و بەهاوکاری هێزەکانی ئێران بەدوای پێشمەرگەکانی دیموکراتەوە بوون، هەوڵیان دەدا حزبی سۆسیالیستیش بخنکێنن سەنگەری خۆیان دژی حزبی دیموکرات بەنام سەرکردایەتی سۆسیالیست بەتووندی دژی ئەو داوایەی پارتی دەوەستنەوە. لە لاپەڕە ٤١ دا دەنوسێت: "لە کۆتایی مانگی ٧ دا هێزێکی هاوبەشی پارتی و پاسداری ئێران بە فەرماندەی بابەکر زێباری بەیانووی گەڕان بەدوای پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات لەپەنای هاوپەیمانی لە کتوپڕێک هێرشێکی فراوانیان کردە سەر بارەگای مەکتەبی سیاسی سۆسیالیست لەبناری شاخی سپی زێر (لە گوندی زەوکێ) بە بیانووی ئەوەی پێشمەرگە و بریندارەکانی حزبی دیموکراتی ئێران لەناو بارەگای سۆسیالیست حەشار دراون. مەکتەبی سیاسی لەوکاتە هێزێکی ئەوتەی لەبارەگای سەرکردایەتی نەبوو ئەوەی لێشی بوو زۆریان بچێک بوون بە حسابیش ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ئێران و ئەمانە، لە سەرکردایەتیش تەنیا مامۆستا مەلا ناسحی لەبوو.
هێزەکانی پارتی و پاسداری ئێرانی بچێکی هاوێن و هەموو جۆرە چەکێک تاقە لە بارەگای سەرکردایەتی دەکەن، بەنام پێشمەرگەکانی سۆسیالیست لێیان بدەنگ نابن، تاقیان لێدەکەن، سێ کەسیان لی بریندرا دەکەن و یەکیان لە دەکوژن، لە هێزەکانی ئەمێش هاڤاڵ ئاسێ

حەسەن سکرتێری یەکێتی لاوانی سۆسیالیستی کوردستان بریندار دەبێت..."
هەروەها دەنوسێت: "مولازم بابەکری پارتی و هێزێکی ٥٠٠ – ٦٠٠ کەسی تێکەڵ لە پارتی و جەنگەهای نامنزەمی ئێران کە هێزێکی تایبەتی پارتی و ئێران بوون کە پێیان دەگوتن گروی زەربەتی و بەتایبەت بەدوای دیموکراتدا دە بە دە دەگەڕان. مولازم بابەکر بەو بیانووی کە گوایە بریندارە دیموکرات لە نەگای کاک ئەحمەد فەقێ نەشێوە هاتوونەتە مەقەڕکانی ئێمە، پارتیش بە ئاوەی سۆسیالیست بە ئێران تەمە بکات کەتبوونە پێشیان..."
محەمەدی حاجی مەحمود لە بیرەوەریەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پارتی و ئێران لەبەرئاوە لە حزبی سۆسیالیست تووڕەبوون، چونکە سۆسیالیست بڕیانی دەرکردبوو و ڕەخنەی لە پارتی و ئێران لە شێوەی حزبی دیموکرات گرتبوو و دژی شۆڕشکێ بوو، لە ئایدیۆکەی حزبی دیموکراتدا چەندجارێک بڕیانکە خوێندراوەتەوە، پارتیش بڕیانکیان وەرگەڕابوو و دابوویانە ئێران، وە ئێرانیش لەبەرامبەر ئاوەدا دوو ئەندامی سەرکردایەتی سۆسیالیست سەید کاکە و مەلا ناسیح دەگرێت.
بەپێی گێرانەوەی هەندێ لە پێشمەرگەکانی ئاوسا گومانی زەر هەیە کەوا مەبەستیان لەو بەسەردادانە کوشتنی ئەحمەد فەقێ ەەش بووە، بەڵام ئەوکات ئەو بەسەردان چووبووە دژی ئاوست و لەوە نەبووە. کاتێ ئەحمەد فەقێ ەەش بەو هەواڵە دەزانێ زەر هەراسان دەبێ و ئاو پێشلکاریەی پارتی بە کارێکی دوژمنانە دەبینێ، بڕیە ئاوان لە دژی ڕوستە خەیان بە شێ ئامادەکەن. ئەحمەد فەقێ ەەش پێشمەرگەیەک دەنێرێتە سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست، بە پێشمەرگەکەدا کەدکی نهێنی دەنێرن، کە ئاگەر سەرکردایەتی ڕێگە بدات ئاوان ئامادەن لە دژی ڕەست لە هێزەکەی پارتی بدەن. کەدکەش بەو شێوەیە بووە، ئاگەر سەرکردایەتی بڕیاری شێدا لە ئێزگەدا ناوی نهێنی (ئاگر گەرمە) بگوترێت، بەڵام ئاگەر بڕیاری شێ نەبوو بگوترێت (مانگ لە چواردەیە). سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست دژی هەڵگیرساندنی شێ دەبێت، بڕیە کەدی مانگ لە چواردەیە لە ئیزگەدا دەگوترێتەوە. دوای ئاوە ئەحمەد فەقێ ەەش و هێزەکەی بەرەو سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست دەگەڕێنەوە، لە ڕێگەدا تووشی هەندێ پێشمەرگەی پارتی دەبن، ئاو پێشمەرگانە سڕشمێی دەبن. ئەحمەد فەقێ ەەش نیازی هەبووە چەکیان بکات، بەڵام ئاو پێشمەرگانەی کە لەگەڵیدا بووون لەبەر ناسیاویان لەگەڵیاندا ەەگڕیان پێ گرتووە. ئەحمەد فەقێ ەەش لەوە بە تووڕەیەوە بەو پێشمەرگە پارتیانە دەڵێ، "بە ئیدریس بڵێن، باچیتر منداوتاان بە سەرکردایەتی نانێرێت، ئاگەر پیاوە با بەخێی بێت". سەرکردایەتی

پارتی بوویان زانیبوو. دواتر پارتی نێردەیەکی بۆ ئاشتبوونەوە دانێرێت. نێردەکەی پارتی لەژێر سێرپەرشتی فەرەنسێ هەریری دەبێت، لە دانیشتنەکەدا فەرەنسێ هەریری بەشێوەی گاڵتە بە ئەحمەد فەقێ هەش دەڵێ "هاتین بەڵام لێرە نەبووی!". ئەویش لەوەڵامدا دەڵێ "خۆزگە لێرەبام، ئەوجا دەتانزانی ئەحمەد فەقێ هەش کێیە!".
ئەحمەد فەقێ هەش بوونی خۆی لە ئێران پێخۆش نەبووە، جارجارە بۆ پارێزگاری خۆی دەمانچەیەکی هەڵگرتووە کە لەژێرپشدێنەکەی و ساقەیەکەیدا شاردوویەتیەوە، حەزی نەکردووە بچەکەوە ببیندرێت. دەگوترێ کە زۆرجار گوتوویەتی "کە لە ئێران لە ئاوێنەدا خۆم بچەکەوە دەبینم، وەکو جاش خۆم دێتە بەر چاو". بەیە زۆربەی کاتەکان بە چەک بوو یان ئەگەر هەیگرتبا دەمانچەی بە شاراوەیی هەڵدەگرت.
حزبی سۆسیالستی کوردستان لە شەری ناوخۆی ١٩٨٣ – ١٩٨٤ دا ژمارەیەکی زۆر فەرماندە و کادیر و پێشمەرگە لەدەست دەدات، لە ساڵی ١٩٨٤ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٥ دا کێشە ناوخۆیەکان گەورەتردەبن و تێنگ بە پارتەکە هەڵدەچنن، ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی سەرکردایەتی و هێزە و نارەزایی لەلایەن ئەندام و کادیرانی خواروو لە سەرکردایەتی حزبی سۆسیالست، دەبنەهۆی ئەوەی بەشێك لە فەرماندە و کادیر و پێشمەرگە لەژێر سەرپەرشتی قادر عەزیزدا جیابێنەوە و وەکو ئیتیجاهی شۆڕشگێڕ خۆیان دەناسێنن. دەگوترێت ئەحمەد فەقێ هەش تێگەیشتنی بۆ هێزە و گرۆپەکان هەبوو بۆیە لەگەڵ جیابوونەوە نەبووە. زۆر ناخایەنێ لەبەرووبوونەوەیەکی کتوپڕی هێزەکانی هەردوولا فەرماندەی بێتوانا و ناسراوی دەشتی هەولێر قادر مستەفا دەبێتە قوربانی. ئەحمەد فەقێ هەش بۆ هەواڵی زۆر تێکدچێت، دوای ئەوە هێوداوە بۆمەبەستی بەهاناچوون و کۆکردنەوەی پێشمەرگەکان بۆیاری رێیشتن دەدات.
بۆیاربووە بچێتە شاری شنێ و لەوێوە بۆ لای هێزەکانی پێشمەرگە. دوو لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشتر لە شاری شنێ هەست دەکەن کە پێشمەرگەیەکی پارتی بەناوی ئازاد عەریف شێخێ چاودێریان دەکات. ئەوانیش ئەوە بە ئەحمەد فەقێ هەش دەڵێن و داوا دەکەن لەگەڵی بچن، بۆیە ئەحمەد فەقێ هەش هەڵگێ نادات. دەگەڵیانەوە و دەڕۆن بەرلەوەی ماڵەکەی بەجێبهێڵێت کچێ بچوکەکەی "پەخشان" لە ئامێز دەگرێت و زۆر ماچی دەکات، بە خەزانەکەی دەڵێت "واهەست دەکەم کچەکەم نابینمەوە، دەم گوشراوە!". بەتەنیا لە ماڵەکەی خۆیەوە کە لە شاری ورمێ بوو بەرەو شاری شنێ بەڕێدەکەوێت، تەنها دەمانچەیەکی پێبووە کە لەژێر پشدێن و چاکەتەکەیدا دەیشارێتەوە. لە شاری شنێ شەو لەماڵی دەستێکی دەبێت.

لە بەیانی ١٩٨٥\١١\٢٦ دا ماشێنکی جەنگی بەکردەگرت کە شوفێرەکەی کەسکی بارزانی دەبێت بەناوی حەسەن ئەحمەد، لەلایەگەی شار دەیەوێت هەندێ مریشك بکڕێت و لەگەڵ خۆیدا بۆ پێشمەرگەکانی ببات، لەو کاتەدا لە پەنایەکدا لە ناکاو دوو چەکدار هێرشیان دەکەنەسەر و دەیاندەنە بەر ڕێژنەی گولە، لە ئەنجامدا هەردووکیان ئەحمەد فەقێ ڕەش و شوفێرەکە دەکوژرێن. بۆپێی زانیارییەکانی ئێوسا کە لە بەیان و گۆڤاری حزبی سۆسیالیستدا بڵاوکراوەو و بۆپێی زانیارییەکانی هاوڕێیانی کۆنا کۆمەڵایەتیەکانی وەکو فەیسبووک ئەو دوو چەکدارەی تەقەیان لێدەکەن یەکیان ناوی "ئازاد عەریف شێخ" و ئەویتریان ناوی "هەسوێ حسێن" دەبێ کە هەردووکیان خەڵکی ڕوستن و پێشمەرگەی پارتی بوون.

دوای ئەوە ژمێی ئیسلامی ئێران ئازاد عەریف شێخ دەگرن، نزیکەی دووماڵگ لە زیندانداە دەیهێنەوە و پاشان ئازادی دەکەن. دوای ئێوە ئازاد عەریف دەچێتەوە ناو ژمێی ئێراق و دەبێتەوە سیخوڕی ژمێم. دەگوترێت پارتی هاوکاریان کرد و ڕێوانی ناو ژمێمیان کردەوە. کەسکەی دیکە بەناوی ڕەسول حوسێن لەگەڵ پارتی دەمێنێتەوە، دواتر لە دڵی ڕوست دەکەوێتە بەسەی جاشکانی ژمێم و دەکوژرێت. دەگوترێت کە جلەکانیان پشکنیووە ناسنامەی ئیستخباراتی ژمێی بەعسی پێبووە (چەند ڕاستە نازانین). لێرەدا کۆمەڵێ پرسیار سەرهەڵدەدەن. چۆن کەسی تاوانبار دوای دوو ماڵگ ئازاد دەکرێت، ئەگەر گرتنەکە شانەگەری و دیزبەرخانەی تاوانەکە نەبووە؟ ژمێی ئێران لەسەر تریاکفرۆشتن خەڵک لەسەدار دەدا، چۆن لەسەر پیاوکوشتن دوای دوو ماڵگ بکوژیان ئازاد کرد؟ بەڵام بەگومان ئەگەر کارێک پەیوەندی بە ئیتلاعات و دەسەڵاتدارانەوە هەبێت هەموو دەرئەنجامێک کراوەیە، چونکە دادگا لەژێرچنگی دەسەڵاتدایە. لەو کەیسەی پیاوکوشتنەدا دەستوبردێکی ئاشکرا هەبووە! گونجاوە بپرسین ئەگەر ئەو دوو پێشمەرگەی پارتی هەسابان بە کوشتنی شوفێرە بارزانیەکە و ئەحمەد فەقێ ڕەشی لەگەڵدا نەبوایە، ئایا بارزانیەکان و سەرانی خەڵکە بارزانی هێروا ئاسان لێیانخۆش دەبوون؟ ئایا نمونەی وا هەیە کە پەمان بە بڕە بارزانیەکان لە بکوژی "سەرانی" خۆش دەبن؟ جگەلەوە ئایا بۆپێی تێگەیشتنی سەرانی پارتی دەکرێ بە سولحی عەشایەری کەسی پیاوکوژ و تاوانبار بکوشتن سزا نەدرێت؟ گونجاوە لێرەدا نمونەیەک بهێنینەوە، لە نەوتەکاندا دوای ئەوەی سەرکردایەتی پارتی دەنێ مەسیف و سەری ڕەش، جارێکیان لەسەر دوژمنداری لە گوندی بیرژ کەسێک دەکوژرێت، کەسی تاوانبار دەگرن و دەیهێنن بۆلای سەرکەی پارتی مەسعود بارزانی، ئەویش یەکسەر بەیاری کوشتنەوەی تاوانبار

دەدات و دەڵێ "بەپێی هەڵبژاردنی دوا پیاوکوژ بکوژرێتەوە!"، بەڵێ بکوژەکە بە یەکودوو گوللەباران دەکرێت. کەواتە بەپێی هەڵبژاردنی پیاوکوژ دوا بکوژرێتەوە. بەڵام بەپێی نموونەکانی مێژووی ئەوان ئەو تۆگەیشتنە بەپێی بڕژەوەندیەکان دەگۆڕێت و ئەو پیاوکوژانە ناگرێتەوە کە سەر بە خۆیانن. بۆیە ئۆگەر تەنها کوژراوەکە شوفێرە بارزانیەکە بوایە و هیچ بڕژەوەندیەکی بنەماڵەی بارزانی لەئارادا نەبوایە، ئەوا زیاتر هەیدەچیتە کە هەردوو بکوژەکە هەوڵی کوشتنیان بزووترینکات دەدرایەوە. لەلایەکیتر دوای بڕبوونی ئازاد عەریف شێخە دوای دوو مانگ لەبەرچی پارتی نەیگرت و سزای نەدا، لەکاتێکدا وەکو دەگەنەوە سکرتێری حزبی سۆسیالست کەچکردوو ڕەسول مامەند خەڵی پەیوەندی بە سەرکەی پارتیەوە مەسعود بارزانیەوە کردبوو و وە مەسعود بارزانی "بەڵێنی پەدابوو" کە تاوانبار سزا بدەن.

پاشان ئۆگەر پارتی باکی بە سەرکردەیەکی حزبێکی کوردستانی نەبوو خۆ ئەو کەسێکی بارزانی کوشتبووا! لەلایەکیتر ئەوەی گومان لەو هەڵسوکەوتەی پارتی بەهێزتر دەکەن تەسلیمبوونەوەی ئازاد عەریفە بە حکومەتی ئێراق. ئەوەش تیئێری دەستهەبوونی پارتی لە تاوانکەدا و دواتر دەربازکردنی بە ناو ئێڕم بەهێزتردەکەن. هەروەها سەبارەت بە تەمەتبارکەیتر بڕچی دوای تاوانکە ڕەسول حسێن دەستگیرنەکرا و لەنەو ئیزەکانی پارتیدا پارێزگاری لەکرا؟ ڕەسوڵ حوسێن بە ماوەیەک لەناو پارتی وەکو پێشمەرگەی پارتی مایەوە تا ئەو ساتەی کەوتە نەو بەسەی جاشان و کوژرا. بۆیە دەکرێ بڵێین ئێران و پارتی هەردوولایان بڕژەوەندیان لە نەمانی ئەحمەد فەقێ هەشدا هەبوو، چونکە ئەحمەد فەقێ هەش لەلایەک بە کوشتنی پاسدار و سەربازی ئێرانی لەلایەن ئێرانەوە ناوی لەلیستی هەشدا بوو، لەلایەکیتر واپەدچێ پارتی بە کوشتنی "عەریف شێخەی سیخوڕ" باوکی ئازاد وەکو تاوانبار سۆیری ئەحمەد فەقێ هەشی کردووە، هەروەها بە توانا و کەسایەتی ئەو دەخێش نەبوون و جگەلەوە ئەحمەد فەقێ هەش سوکایەتی بە پێشمەرگەی پارتی و ئیدریس بارزانی کردبوو. سەبارەت بە قوربانیە بارزانیەکە واپەدچێ بنەماڵەکەی بڕجارێک لە جارکان بە پارە و قەرەبوو بەدەنگکراون (چێن بووە نازانین و زانیاریمان نیە).
جگەی ئاماژەپێدانە محەمەدی حاجی مەحمود لە بڕگی دووەمی بیرەوەریکانیدا دەڵێ پارتی ئەحمەد فەقێ هەشیان شەهید کرد. واتە ئەو پێنجەی تاوانباری هاستەوخۆ ئاراستەی پارتی دەکات.

دەنوسێت: "پارتی کە دەستی نەدەگەیشت بە دەستایەتی دەیکوشتین و کە

دەستی دەیشت بۆ ئاشکرا ئەحمەد فەقێ تەش احتیاتی مەکتەبی سیاسیان لە شنۆ شەهید کرد، تائێستاش قاتیلەکەی ئامر لیوایێ لای پارتی بەناوی ئازاد عەریف شێخە".
بەڵام بۆچی ئازاد عەریف شێخە بۆ تیرۆرکردنی ئەحمەد فەقێ تەش هەلسا؟ بۆپەی زانیاریەکان و بۆپەی بیرۆریەکانی عەبدوڵلا ئاغای پشدەری لە کتێبی (یاداشتەکانم لە شۆڕشی ئەیلولی مەزن) کە ئۆوسا ئامر هەزی باڵەک بووە، لە لاپەڕە ٢٩دا دەنوسێت: "عەریف شێخە (باوکی ئازاد) خەڵکی گوندی ڕەست لەسەر تەپی ٢٥ ڕەتل ئیشی دەکرد زۆر شارەزا و لەزان بوو لە بەکارهێنانی تەپ و چەند ساڵ خزمەتی هەبوو، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ١٩٧٤ دا بەهەی برای خۆی (هەمزە) کەوا لەناو دەزگایەکانی جاسوسی دوژمندا ئیشی دەکرد هەڵگەڕایەوە لە شۆڕش و بانهێنی کۆتە پەیوەندی کردن و بووە بە یەکێک لە سیخوڕەکان و لە ساڵی ١٩٧٦ دا بەدەستی شۆڕشگێڕانی کورد کوژرا..."
ئەوەی عەبدوڵا ئاغا دیگەتەوە و ئاماژەی بە دەکات لای خەڵکی ناوچەکە شتێکی شاراوە نەبووە، زۆربەی خەڵک بەو ڕاستیەیان زانیووە. بۆپەی زانیاریەکان دوای هەڵگیرسانەوەی خەباتی چەکداری لە ساڵی ١٩٧٦ دا و دواتر لەلایەن هەزی پشمەرگەوە ئۆوسا بەیاری کوشتنی پیاوخراپ و سیخوڕەکانی ناوچەکە دەدرێت. دەگوترێت ئەو چاڵاکیەی کوشتنی سیخوڕان بە فەرمانی سەرکردەی ئۆوسای بزوتنەوەی سۆسیالیست و یەکێتی دکتۆر خالید سەعیدەوە بووە. عەریف شێخە یەکێ لەو سیخوڕانە دەبێت کە دەکوژرێت. دەگەڕێنەوە کە خەڵکی ناوچەکە زانیویانە کە بەو چاڵاکیە هەڵساوە. بەڵام بنەماڵەی عەریف شێخە پەیانوابووە کەوا ئەحمەد فەقێ تەش ئەوی کوشتووە، هەرچەندە ئەو هیچ پەیوەندی بە کوشتنی ئەو سیخورەوە نەبووە.

ئایا پارتیش هەمان تێگەیشتنی هەبووە نازانین، بەڵام واپەدچێ. ئایا ئازاد عەریف شێخە لەلایەن پارتیەوە وایتگەیەندراوە و هاندراوە؟ لەمبارەیەوە زانیاریەکی ڕوون نییە. بەڵام ئایا پارتی چۆن سەیری عەریف شێخەی کردووە، ئایا وەکو ئەندامی نهێنی پارتی سەیری کردووە یان بەشۆڕیکیتر، زانیاری ڕوونمان لەمبارەیەوە نییە. دیارە دەگوترێت سەردەمێک لەلایەن پارتیەوە پەستەری شەهیدانی بە کراوە وە ئەگەر ئێستا موچەی شەهیدانەی لەلایەن پارتیەوە بە بابەتەوە وادیارە پارتی بە ئەندامی خۆی داناوە و کوشتنیشی بە نارەوا و تاوان داناوە. ئەو هەسوکەوتە پێشتر لە پارتی بیندراوە چونکە لەدوای ڕاپەرین زۆر لە کۆنە جاش و سیخوڕ و جێیشی شۆعبی خەیان وەکو ئەندامی پارتی لەقەڵەمدا و پارتی پەنایدان و بەرگری لێکردن. بەگومان وەڵامی زۆر لەو پرسیارانە لای پارتی و کەسی

تەمەتبارە و تەنها دادگایەکی سەربەخۆ و ڕەوا ڕەنگە بتوانێ ساغیان کاتەوە. وەکو دەگوترێ خودی ئەحمەد فەقێ خۆش، سەبارەت بە کوشتنی عەریف شێخ ئەوەی گوتووە کەوا ئەو لەگەڵ کوشتنی نەبووە بەڵکو پێیوابووە دەکرا بە ئامۆژگاری وایلێبکرێن واز لە سیخوڕی بهێنێت.

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەیەک ئازاد عەریف شێخ لەساڵی ١٩٨٢ دا لەلایەن مەفرەزەیەکی حزبی شوعیەوە دەستگیردەکرێت. دوای خەپیشاندانەکانی ساڵی ١٩٨٢ لە هەولێر و هەندێ شوێنیتردا، ئازاد عەریف شێخ کە سیخوری ژێم بووە، زمانی لە هەندێ خوێندکاری ناوچەکەداوە و بەگرتیداون، لە ڕێکخستنەوە ئەو هەوالانە دەگەیەندرێتە هێزەکانی حزبی شوعی، بەمجۆرە مەفرەزەیەکی حزبی شوعی دێچن دەیگرن. ئازاد دەگیرێ و وەکو سیخور دەخرێتەبەر لێپرسینەوە، دارکاری دەکرێت و ئازار دەدرێت. دوای ماوەیەک مانەوە وەکو بەند لەلای هێزەکەی حزبی شوعی، لەلایەن نجمەدین گەرانیەوە کە فەرماندەیەکی پارتی بوو و سەرپەرشتی هێزەکی پارتی لە دەڤی ڕەست کردووە هەوڵی ئازادکردنی ئازاد دەدرێت. ئەوسا نەوانی حزبی شوعی و پارتی خۆش بووە. حزبی شوعی بەتەن لە ئازاد وەردەگرن کەوا نەچێتەوە ناو ژێم و نەبێتەوە سیخور، بەمجۆرە بڕیەدەدن و دەچێتەلای هێزەکەی پارتی و دەبێتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان.
دوای ئەوە ئازاد هەر لەناوچەی ڕەوست پێشمەرگە بووە، زەرجار بەی هەکەوتووە دەست لە ئەحمەد فەقێ خۆش بوشینە بەڵام نەیکردووە یا نەیتوانیوە. بەڵام لە شاری شنەی پەژهەڵاتی کوردستان لەژێر چەتری ژێمی ئیسلامی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ئەو تاوانەی ئەنجامدا. بەپێی زانیاریەکان ئەستا ئازاد عەریف شێخ لەگەڵ پارتیە بەپلەی سەربازی عەقید یا حەمید، مووچەیەکی باش وەردەگرێت و ژیانێکی باش دەژیت و بەئازادی دەسوڕێتەوە.
بوونی تاوانبار لەریزی پارتەکانی باشوری کوردستاندا دیاردەیەکی نوێ نییە لە ڕاستیدا. بەمشێوەیە بوونی تاوانبارێک لەڕیزی پارتیدا شتێکی نوێ نییە. پەیوستە بگوترێت، ئەو تاوانبارانەی لە ڕیزی پارتە دەسەڵاتدارەکاندا هەن چەند جارەکن کە دیارترینیان ئەوانەن، یەکەم: ئەوانەی کە لەلایەن پارتەوە بە تاوان ئاراستەکراون وەکو تیرۆرکردنی سەرانی مامە حەمە، کاوە گەرمیانی، محەمەد حەلاق، ڕەئوف ئاکرەیی، هتد. دووەم: بەشداربووانی تاوانی گەلکوژی ئەنفال (وەکو کەنەبەعسیە بەرپرسەکان و سەرکجاشەکان)، سێیەم سەرکجاش و کەنەبەعسیەکان کە بەکوشتنی پێشمەرگە و خەباتگێڕان تاوانباران وەکو عەباس ئاغا، مەلا عوزێر، مەمە، قاسم ئاغا، تەحسین شاوەس

(لەژیاندا نەماوە) هتد.
چوارەم: دوژمندارەکان، ئەوانە لە کاندا گەلەکیان تاوانکیان ئەنجام دەدا و دەهاتنە ئیزی هەزی پشمەرگەی پارتەک کە وەریدەگرتن و بەرگری لەدەکردن. دیارە کەسی دوژمنداریش هەبوو کە خەی قوربانی تاوانەک بوو و خەی دەربازکردبوو و هاتبووە ناو حزبەک. لەبەر بوونی ەوتی میلیشیاگەرایی پاوانخوازی بوونی تاوانباران لەئیزی پارتی چەکدار و خاوەن دەسەاتدا بەهەموو جۆرەکانیەوە هەبووە و هەیە. لە باشوردا بەرژەوەندیەکانی پارت و بنەماەی دەسەاتدار لەسەرووی دادوەریەوەن، بۆیەش تاوانباران نادرێنە دادگا.
بەکورتی لەبەر نەبوونی کەمەگەیەکی دادوەر و دادگای سەربەخۆ "ئازاد عەریف شێخە" یەکە لەو تەمەتبارانەیە کە بۆئازادی دەسوەتەوە. لەهەر کەمەلگەیەکدا ئەگەر دادوەری هەبەت، لەسەر تاوانی کوشتن لەو ئاستەدا کەسی تەمەتبار دەگیرەت بەپێی یاسای کەتن و تیرەر، یاسای تاوانی سیخوڕی و ناپاکی دەدرەتە دادگا و لە دادگادا بۆیاری ئەگەری تاوانباری و جۆری تاوان و سزاکانی یەکلادەکرێنەوە. ئەمە گوتن لەدادوەری دەکەین نەک تەسەندنەوە، بۆیە گرنگە ئەو دوو چەمکە لەیەکتر جیابکرێنەوە و تەکە بۆیەک نەکرێن.
ئەرکی بەرپرسیاریی حزبی سیالیست لەئاست تاوانەکەدا
هەر پارتەکی کوردستان هەگری هەر دروشمەکی سیاسی بەت، ئەرکەکی هەکخراوەیی و مەرالی لەسەرشانە کە پارێزگاری لە ئەندامانی بکات و ئاسایشیان بپارێزەت، ئەگەرچی لە باری پارتیزاندا کارەکی سەختە و ئاسان نییە. پەویستە ئەو پارێزگاری و بەرگریکردنە لە یاسای ناوخۆیی پارتەکەدا بنوسرەت، تاکو ئەندام بزانەت لەکاتی زیانلەکەوتندا، بریندار بوون، گیران یا تیرەرکردندا چۆن پارتەکەی بەرگری لەدەکات و دەتوانە چی بۆ بکات. بەکورتی پارت وەکو پشتوپەنای ئەندام وایە و دەبە بەرگری لە ژیان و بوونی ئەندام بکات، هەرکاتێک ئەندام تیرەرکرا، پارت بەتەدەنگ و بەهەگەی گونجاو داوەری بۆ کەسوکاری قوربانی و هاوەکانی بەدەستبهێنەت. هەروەها لەباری تیرەرکردنی ئەندامەکی پارت لەلایەن کەسانی سەر بە پارتەکی دیاریکراو یا هەرکەسەکیتر، ئەرکی پارتە چۆنیەتی ەوداو و هەکاری تاوان بەووەنی بنوسەت و تاوانەکە بۆ ئەندامان و کەسوکاری و ایگشتی رووونکرێتەوە و ئاشکرا بکرەت.
هەروەها ئەوەش ئاشکرا بکرەت کە پارت چۆن داوەری لە ئاست تاوانەکەدا بەدەست دەهێنەت. ەیگەچارەسەرکان چین؟ ئەگەر بەربەست دروست بوو، بەربەستکان چین؟
سەبارەت بە حزبی سیالست و چۆنیەتی بەرگری لە ئەندامانی یا

گەیشتن بەدادوەری لەئەنجامی کارەکی تیرۆرکردندا، نوسراوەیەکی یاسایی ناوخۆ ئاگادار هەشبووبە سادە و سەرپێی بووە. بەپێی رووداوەکانی ئابردوو واباوبووە کە پشتگیری ئەندام بکرێت و بەرگری لێبکرێت، لە باری کوشتنی ئەندامدا زیاتر کۆنەپارێز و خیانەتکیانە سەیری ئەو بابەتە کراوە و لە یاسای نێونسراوەی پارتدا و لە بیری ئەندامانیدا ئەوە باو بووە کە کەسی تاوانبار بکوژرێتەوە یا هەڵوەشێنەکی عەشایەری لێنەوان خێزانی تاوانبار و خێزانی قوربانی ئەنجام بدرێت. دیاردەی کێنی کوشتنەوە وەکو کەمەڵگەکانی دیکە لە کەمەڵگەی کوردەواریشدا باوبووە و پارتەکانیش ئەو هەڵگیانە گەلەجار پیادەکردووە، یا چاوپۆشیان لە کارەکە کردووە ئاگادار بەرژەوەندی خۆیانی تێدابووبێت. جاروابووە تاوان بە تاوان چارەسەر کراوە و هەموولا خۆیان لە ئاستیدا کپ و هاڵ کردووە.

لە باری خوێناتی چەکداری لە کەمەڵگەی کوردەواریدا دامەزراوەی دادوەری ئاگادار هەشبە لە ئاستی پیویست نییە، دەکرێ پارتەکی باڵادەست لە ناوچەیەکدا خۆی جۆرێک لە دادگا دابمەزرێنێت، ئاوەش کەشێی بۆلایەنی و یاسایی زۆرە. پارتەکانی باشوری کوردستان تاگەیشتنی هاوبەشیان بەچارەسەری کێشەکان نەبووە، جگەلەوە ئاگادار بەرژەوەندیان بەهەی دادگایەکی خیانەکیانە کەوتبێتە مەترسی بگومان دژی وەستاونەتەوە. پارتەکان لەو ئاست و توانایەدا نەبووین بیرولەکدانەوەی کۆنەپارێز و خۆلەکیانە تێپەڕینن و سەردەمیانە بیرلێ چارەسەری تاوان بکەنەوە. ئەمە لەڕدا مەبەستمان تاوانە لەرووی یاساییەوە وەکو تیرۆرکردن یا کوشتنی دیل یا هەر تاوانێک بەپێی یاسا بچێتەخانەی تاوان.
سەبارەت بە تیرۆرکردنی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالستی کوردستان ئەحمەد فەقێ هاش، حزبی سۆسیالیست چیکرد؟ بگومان وەکو نەریتە باوەکە بیریان لە کوشتنی تاوانباران کردەتەوە و رەنگە هەوێش درابێ. دەگوترێت هەوڵەکی جدی لەوبارێوە نەبووە، بەپێی گرانەوەکانی ئەوسا سکرتێری حزبی سۆسیالست کەچکردوو رەسول مامەند دوای بەربوونی ئازاد عەریف شەخێ پێوەندی بە سەرکی پارتی مەسعود بارزانیەوە کردووە، وە مەسعود بارزانی بەهانی پێداوە سزای ئازاد عەریف شەخێ بدات، بەڵام زۆری نەخایاندووە ئازاد عەریف شەخێ تەسلیمی حکومەتی عەراق بەتەوە. لەدوای ئەوە حزبی سۆسیالیستیش بەدەنگی هەڵبژاردووە و کاردانەوەیەکی ئەوتێی نەبووە.
ئایا هیچ بەاوکراوەیەکی تایبەت بە تیرۆرکردنەکە و دەستنیشانکردنی تاوانباران بە ئەندامان یا رایگشتی بەاوکراوەتەوە؟ جگەلە هەواڵەکە لە ئیزگە و بەیاننامەی سەربازی و گۆڤار لەچوارچێوەی

هەواڵدا لە دوای ئەنجامدانی تاوانێکی شتێکیتر بەناونیشانی کۆتایی هێنان بە ژیان و بڕیاردان لەسەر گیانی خەڵکی بێتاوان. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو حزبە چەن و بڕیاری گرتن بە دادوەری لەکەیسی تیرۆرکردنی ئەحمەد قازی قەرەداغی.

دوای دامەزرانی حزبی سۆسیالیست لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دا، لە پلینۆمێکدا لە هاوینی ساڵی ١٩٩٢ کە لە سێبەرانگەی سەرچناری لە سلێمانی بەسترا ئەندامێک پرسیاری تیرۆرکردنی ئەحمەد قازی هاش و بەدەنگی حزب لە ئاست تاوانێکدا لە سکرتێری حزبی سۆسیالیست ڕەسول مامەند دەکات. بەڵام ڕەسول مامەند وەڵامی پرسیارەکە نادا تەوە و دەیباتە لایەکیتر. بگومان ئەو ئەندامە و هاوڕێیانی بەدوای دادوەری لە ئاست تاوانکەدا دەگەڕان، بۆیە پرسیار لەمبارێوە کرا. واپەدەچێ وەڵام نەبووە لەبەرئەوەی حزبی سۆسیالست هیچی نەکردبوو و هیچ بڕنامەیەکیشی نەبووە پیادەی بکات. لەئەگەری بوونی بڕنامەیەکدا ئەو دەیتوانی وەڵامی بەدەنگی و هەکاری نەبوونی کردار ڕوونکاتەوە. بۆنمونە دەیتوانی بڵێ تاوانبار لای پارتیە و پارتی پەنای دەدات و ئەمەش لەباری ئەستادا هەزی ئەوەمان نییە پارتی ناچار بکەین تاوانبار ڕادەستی دادگا بکات. بەڵام خەدزینەوە لەوڕێگام لاوازی و بەبڕنامەیی ئەو حزبە لەئاست تاوانکەدا وێنەدەکێن. دیارە ئەوسا هەشتا حزبی سۆسیالیست خاوەنی هەزبوو.
تاوانی کوشتن و تیرۆر بەپێی یاسا
لەهەر وڵاتێکدا یاسای تایبەت بە جۆرەکانی کوشتن هەیە، بۆیە ئاست و قەوارەی سزادان بەپێی باری تاوانکە دەگۆڕێت. کوشتنی بەئاگایانە و بێئاگایانە و هەڵکەوت و زۆر جۆری دیکەی کوشتن هەیە. ئەمە لەڕدا مەبەستمان تاوانی کوشتنی بێئاگایانەیە کە کەسی بکوژ بەنیازی لەناوبردن تاوانەکە ئەنجام دەدات.
کەسی بکوژ لەباری دەرونی تەندروست دایە و بەپێی پلان بێئاگایانە تاوانەکەی ئەنجامداوە.
بەمجۆرە ئەو کەسەی کەسێکی دیکە دەکوژێت بەپێی یاسای تایبەت بەجۆری کوشتنەکە سزا دەدرێت. بۆنمونە لە دانیمارک کەسی تاوانبار لە ٥ ساڵەوە تاکو سزای هەمیشەیی بەپێی یاسای سزای ٢٣٧ هەیە . لە ئەمریکا کوشتنی بێئاگایانە سزاکەی یا زیندانی هەمیشەیی یا مردنە . لە ئیراقدا سزای کوشتنی بەمەبەست زیندانی هەمیشەیی یا سزای مردنە.
ئاگەر نیازی کوشتنی پلانبەداندراو لەباری ناکەکی لەنێوان دوو بڕدا ڕووبدات یا پەیوەستدار بە ململانێی سیاسی ڕووبدات یا لایەن دەسەڵاتی حوکمدارەوە کوشتنی کەسێک ئەنجام بدرێت، تاوانەکە

دەچێتە خانەی تیرۆر، ئەگەر بتواندرێ تاوانبار رادەستی دادگا بکرێت، چاوەروان دەکرێ کەسی تاوانبار بەتووندترین جۆری سزای تیرۆر سزابدرێت.
دیارە ئەگەر کەسی بکوژ لەلایەن ڕژێمەکی داگیرکەرەوە کاری سیخوڕی بکات و بەکاری کوشتنە پالنبەدانراوەکە هەستێت، ئەوە جگەلەوەی کوشتنەکە تیرۆرکردنە، کەسەکە تاوانی سیخوڕی و ناپاکیشی دەکەوێتەسەر، کە ئەویش بەپێی یاسای تایبەت سزای تووندی دەکەوێتەسەر. تاوانی سیخوڕی و ناپاکی تاوانێکن دژی هەموو ناسیۆن یا گەل کە دەکرێ لە چەند بارێکدا خۆی بنوێنێ وەکو گەیاندنی زانیاری هەستیار بە دوژمن، هاوکاری دوژمن لە لەدانی لایەنیکی سیاسی سەر بە گەلی ژێردەستە هتد.
لەباری کوشتنی بەمەبەستدا یا تیرۆرکردندا، جگەلە کەسی بکوژ ئەوانەی هاوکاری کەسی بکوژیان بەجۆرە لە جۆرەکان کردووە سزایان دەکەوێتەسەر. بەیە یارمەتیدان و هاوکاریکردن لە هەر بارێکدا پەیوەستداری بسەمەندرێت، دەکەوێتژێر یاساکانی سزا. بەهەمانشیوە شاردنەوە یا پەنادانی بەئاگایانەی کەسی تاوانبار سزای لەسەرە، چونکە کەسی تاوانبار دەبە لەسەر ئەنجامدانی تاوانێکی ڕادەستی دادگا بکرێت. هەرکەسە یا لایەنە پێشگری لەو پرسیە بکات یا کەسی تاوانبار بەجۆرە لەجۆرەکان بپارێزێ یا پەنابدات بەپێی یاسا سزای دەکەوێتەسەر.
بەپێی ئەو گوزارشتەی سەرەوە ئەوەمان دەست دەکەوێت، کەوا ئازاد عەریف شێخێ و هەسوە حوسێن بەپێی پلانی داڕێژراو و بەمەبەستی کوشتن فەرماندە و ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆسیالیست ئەحمەد فەقێ هەش لە ڕۆژی ٢٦/١١/١٩٨٥ دا تیرۆردەکەن. کوشتنەکە بەمەبەستێ و تیرۆرکردنە. هەموو ڕووداوەکانی پێش و دوای ئەنجامدانی تاوانەکە ئاماژە بەهەبوونی هاوکاری و یارمەتی ڕژێمی ئیسلامی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان لە تاوانەکەدا دەکەن، بەبەڵگەی ئەوەی ئێران سزای تاوانبار ئازاد عەریف شێخی نەدا و ئازادیکرد، هەروەها چەکداری پارتی بوو و پاشان پارتی سزای نەدا و بە ناو ڕژێم بەڕێیانکرد، وە ئێستاش ئەندامی پارتیە و مووچەی باشی بە بەئاوتەوە و میشیش میوانی پارتی نییە.
واتە ئێران و پارتی تەمەتی هاوکاری لەکاتی تاواندا و پاشان پاراستن و پەنادانی تاوانباریان دەکەوێتە ئێستە. ئەوەش ئێرکی دادگایەکی ڕەوای سەربەخۆیە کە بتوانێ یاسایانە بیسەمەنێت و سزا بە تاوانباران ببەخشێ. ئایا تاچەند ئازاد عەریف پەیوەندی بەڕژێمی بەعسەوە هەبووە و سیخوڕ بووە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا پەویستی بسەماندن هەیە. فاکتەکان ئاماژە بەهەبوونی

پەیوەندی دەکەن، چون مەفرەزەیەکی حزبی شوعی لەسەر ئاوە لە سالی ١٩٨٢ دا دەچن دەیگرن و دەیهێنن، ئەمە نازانین ئاوسا حزبی شوعی چیان لەدەرهێناوە و چیان دەستکەوتووە. دواتر کە تاوانەکە ئەنجام دەدات دوای دوو مانگ دەچێتەوە ناو ژێم و وەکو دەگوترێت دەبێتەوە پیاوی حکومەت. گومان لەوەشدا نییە کە تیرۆرکردنی کەسێکی پلەبەرزی وەکو ئەحمەد فەقێ هێش لەلایەن ژێمی بەعسەوە خەڵات دەکرێت و کەسی تاوانبار بەرزدەکاتەوە. بەنمونە هەر کەسێک پێشمەرگەیەک یا سەرکردەیەکی پێشمەرگەی تیرۆر بکردایە لەلایەن ژێمی بەعسەوە خەڵات دەکرا و ئاو کەسێش دەکرا بکرێتە سەرکەی مەفرەزەی خاسە، بەنمونە عەوڵا تورگ لە ئەنجامی تیرۆرکردنی فەرماندە سلێمان بیرژیدا لە گوندی چیوە لە کۆتایی حەفتاکاندا، لەلایەن ژێمی بەعسەوە خەڵاتکرا و کرایە سەرکەی مەفرەزە خاسە. بەیە گومان دەکرێ کە ئازاد عەریف شێخە لەکاتی پێشمەرگایەتیدا و تاکو ئەنجامدانی تاوانەکە پەیوەندی بە ژێمی بەعسەوە نەبووبێ، وە هەروەها گومان دەکرێ کە ژێمی بەعس بەگرنگی زانیوە تیرۆری سەرکردەیەکی پێشمەرگەیان وەرنەگرتبێ و تاوانباریش دەستخۆشی لێنەکرابێ و خەڵاتیش نەکرابێ.
بەگومان سەدان کەیسی تاوان هەیە کە بەچارەسەر ماونەتەوە و کەسوکاری قوربانیان چاوەڕوانی دادوەری دەکەن، زۆربەیان ئاوە دەزانن کە هەرگیز دادوەری نابینن و بەحەسرەتی سزادانی تاوانباران سەردەنێنەوە. لە باشوری کوردستاندا تاوانبارانی سەر بە پارتی دەسەڵاتدار پێنا دەدرێن یا لە باشترین باردا چارەسەرکی خەڵکیانە دەدەزنەوە و بەمجۆرە کەسی تاوانبار لەسزادان دەپارێزرێت. یا سیناریۆیەک هەکەدەخن و تاوانەکە دەبێنە ئاقارێکیتر.
لە ئەگەری بوونی دەسەڵاتێکی نیشتیمانی و دیموکراسی هەوا و دادوەردا، کەتیایدا دەستورێکی مرۆڤدۆست و شارستانی بکردەوە سەروەر، کەسوکاری قوربانیان دەتوانن سکاڵا و بەڵگەکانی تاوانی تیرۆرکردن، گرتن و بزرکردن و دیل کوشتنەکان بدەنە دامەزراوی پەیوەستدار بە کەکردنەوەی تەماری تاوانکاریەکان و دروستکردنی کەیسی یاسایی لەسەر تەمەتباران، دەستگیرکردنیان و دادگاییکردنیان لەدادگادا، ئاوسا چێنیەتی، جەر و بەیاری دادگا دیاردەکرێن و بەیاریان لەسەر دەدرێت. لەو بارەدا دەکرێ تاوانباران سزای ڕەوای خۆیان وەرگرن.
بەڵام لەکاتێکدا کە دەسەڵاتێکی دادوەر بوونی نییە، مافەکانی مرۆڤ پشێل دەکرێن، گرنگە ڕێکخراوێکی سڤیل بکاری کەکردنەوە و بەدەکومێنتکردنی تاوانە کەسیەکانی وەکو تاوانەکانی وونکردنی کەسەکان، تیرۆرکردنە سیاسیەکان، دیلوکوشتن لە شەڕەکانی ناوخۆدا،

ئەنفالکردنەکان (ئەوانەی خەڵکیان دایەدەست ژێم) هەستت. پەیستە ئەو تاوانانە بنوسرنەوە و بەدکومەنت بکرێن، تاکو وون نەبن بەکو دوای دەسالیتر یا دوو یا سێ دەیەیتر تاوانباران راپێچی دادگابکرێن، وەکو ئەوەی جولەکەکان لە ئاست تاوانبارێ نازیەکاندا دەیکەن. گەیاندنی تاوانباران بە دادگا جگەلەوەی پرسیەکی رەوای دادوەریە، هەنگاوی گرنگی هەگەگرتنە بە دووبارەبوونەوەی تاوان. لەبیرمان نەچێت کە تاوان ئاشکرابوو کێن دەبەت بەهام ون نابەت. لەلایەکیتر گرنگە ئەو تەمارانە لە مێژووی گەلدا بە زیندوویی هەبن و خەڵکی کوردستان و نەوەکانی داهاتوو لەو راستیانە ئاگادار بکرێنەوە.
2019-2-17

پەراوێز و سەرچاوە:

کوشتن بەپێی یاسای دانیمارکی:Manddrab
https://danskelove.dk/straffeloven/237
کوشتن بەپێی یاسای ئەمریکی:Murder
,(https://en.wikipedia.org/wiki/Murder_(United_States_law
سیخوڕی Espionage: Espionage:
https://en.wikipedia.org/wiki/Espionage
ناپاکیTreason: https://en.wikipedia.org/wiki/Treason

یاداشتەکانم لە شەشی ئەیلولی مەزن لە ساڵەکانی ١٩٦٤ – ١٩٧٥، بەرگی دووەم، عەبدوڵلا پشدەری،٢٠٠٤
ئازاد کاکل، بەرگی دووم، بیرەوەری ڕۆژ سەختەکانی پێشمەرگەیەک، ٢٠١٥
محەمەدی حاجی مەحمود، ژیانەمری پێشمەرگەیەک، بەرگی دووەم، ساڵ ؟
قادر شەرش، چل ساڵ خەبات و تێکۆشان، ٢٠٠١
ناوەڕاستی زانیاری لەلایەن پێشمەرگە دێرینەکان لە میدیا کەمەکانیەتیەکاندا

زمان و خەیاتی نێوان ... سەباح هەنجەر

هێوداوێکی لاسەنگ و نەگونجاو لەم هەژمدا ئاسمانی پێش کاتی ئاسایی خۆی تاریک داهێنا. عەبدوڵا سەراج گەلاوێژ کوردستان و پێیوەندی پێوەکردم، گوتی: ئەگەر بکرێ دەمو ئێوارەی ئەمڕۆ: 14/4/2005 لە قاوەخانەی مەچکۆ بە دیداری یەکتری هێوناک ببینەوە. بۆنەیەکم هەیە حەزدەکەم لەگەڵمدا بەشداربیت. بەدوای پێوەندییەکدا چووم و لە بازاڕ نزیک هەڵپژێوداپژێکان مۆسیقاژەنێک لەبەردەمی کۆترە ماڵیەکاندا مۆسیقای دژێنی و زنجیری جانتای کەمانەکەی کردبووەوە، هاگوزەران تاوێک گوێیان دەگرت، دەستخۆشییان بە دەستە جانتای کەمانەکەیەوە. منیش دەستخۆشیی خەمم، زیاتر لەوەی لەناو جانتاکە کەبووەوە بەخشی. وەک دیاردەیەکی ژیاریی ناو کەڵەگای کوردی، پەموایە جارە گوزارشتکردنەکە لە جووڵەی واقیع و ژیانێکی پڕ.

ئەو دیمەنەی پێش چەند ساڵێک، ئاستێکی وا بەهێز و کاریگەری هەبوو، مووچڕکی پێداهێنابووم، بەبیرم هاتەوە و تیشکەی چاوم کەوتەوە سەری، خوێنی ئەو دیمەنە دووبارە لە جەستەمدا کوڵا و چڕایەوە. لە شاشەی تەلەفزیۆن لە بەرنامەیەکی دکیۆمێنتاری شار، پێشاندانی هوخساری شار، قاڵەمڕەم دیت لە شاری خۆی، بەکان. لە بازاڕ مقەبایەکی هاخستبوو، بەدیاریەوە شمشاڵی لێدەدا.
هاگوزەران دەستخۆشییان بە لەسەر دادەنا، دوای بینینی ئەو دیمەنە (سەد) دەلارم بە نووسەرێکی هەژهەژات بە نارد، ئەویش سیدییەک و وێنەیەکی خۆی بە دیاری بە ناردم. وێنەکەیم لە ماڵی خەمدا هەڵواسیوە. نەوای شمشاڵ جارە ئەفسوونکە تا لێی نزیک نەبیتەوە هەست بە قووڵیی و چرکەساتی دەستنیشانکردنی ناکەیت، دەبێتە دەنگی بێدەنگەکان.
عەبدوڵا سەراج (شەست) ئەڵقە نووسینی بە ناونیشانی: (گۆشەنیگا) لە هەژنامەی (هەگای کوردستان) بە خەبەخشیی نووسیبوو، هەژنامەکە وەک هەزڵەنان و ئەو هەڵوەستە خەبەخشییەی، ئێوارە مەواندارییەکی سادەیان بە هەکخست. من و خاڵە حەمرین دەستنیشانکراوی نووسەر بووین لە مەواندارییەکە بەشداربین، نووسینی خەبەخش لە ئەدەبی کوردیدا مەژوویەکی بەهێزی هەیە.
نوێنەری هەژنامە و خاوەنی مەواندارییەکە جەلال دەباغ بوو، دیاری

ژنامەکە کراسێک و ئامێکی نەخشاوی ژنانەکە بوو، لە دانیشتنەکەدا لۆگۆ سوپاس و پێزانینێکی جوامێرانە پێشکەشی کرا، هاندان دەبێتە وزەیەکی شاراوە و دەچێتە ئاگایی و نائاگایی نووسەرەوە.
لە یانەی مامۆستایانی هەولێر لەناو باخچەکەدا دانیشتین. بابەتی دانیشتنەکە زیاتر سیاسەت و بارودۆخی حزبەکانی ناوخۆ و کار و چالاکییان بوو، کە من قەت حەزی لێناکەم و بەشداری تێدا ناکەم، بەشداریم تێیدا نەکرد. سیاسەت کاراکتەری خۆی هەیە و من خۆن و گۆشتی ئەم جەستەیە نیم. بۆچوونگیێکی ناچاریم هەبژارد، هەرچەندی دەمکرد، نەمدەتوانی دۆخی گفتوگۆکە بگۆڕم و ئەدەبیات بگۆڕم. کەمێکیش سەرگەرم و خومار بوون.
لە کۆتایی دانیشتنەکەدا بووین، مەوجوود سامان هاتە ناو باخچەکە و چەند مەترێک نزیک لە ئێمە لەسەر مێزێکی چەپبوو دانیشت. لۆگۆ خاڵە حەمرین دوورادوور کەوتنە قسە و جۆرێک گاڵتەجاڕی.

خاوەنی مەواندارییەکە بە خاڵە حەمرینی گوت: ئەمش پێشتر لە ئاگەیاندنی ئێمە، واتە: حزبی شیوعی خزمەتی کردووە، ئۆگەر حەزدەکەی فەرمووی لێبکە با بچێتە سەر مێزەکەوە. هاتە سەر مێزەکە، لە ژوورەوە خواردن و خواردنەوەی خۆی تەواوکردبوو، بەپێلە و هەستی باوەبەخۆبوونەوە بانگی مەیگۆڕەکەی کرد. چارگێک جن و دوو بیرەی داواکرد. لە ماوەیەکی ئێجگار پێوانەیێدا کردی بە کەکتێل و هەڵیقوڵاندن. داوای پاکەتێک و دوو نەفەر کەبابی سەفەرییشی کرد.
خاوەنی مەواندارییەکە زانی ئیستغلال، واتە: هەڵوەرگرتنە. بانگی مەیگۆڕەکەی کرد حیسابەکە بدات، ئەوەی خەمانی جیاکردەوە، ئەوەی ئێمی بەڵاوە نا. مەوجوود سامان دەمی داکشا و چاوەکانی بەرزکردەوە و یەکدوو بەمە بەمی ناڕازیبوونی کرد.
بانگی مەیگۆڕەکەی کرد و بەهانەی هێنایەوە، گوتی: پاکەتم ماوە و نەمزانیبوو لە گیرفانەکەی ترمدا بوو، لە ماڵەوەش تاڵەفۆنیان کرد. تە دواکەوتی و ئێمەش نانی خەمان خواردووە. پاکەت و دوو نەفەر کەبابە سەفەرییەکەی هەڵتکردەوە. نووشتەی هەڵوەرگرتنەکەی بۆتابوو، هەروەها لۆگۆ هاتنە سەر مێزەکەش. بەبێ هیچ بابەتێک و بەبێ ئەوەی بە وشەیەکیش باسی شیعر کرابێت. لەپڕ ووی دەمی هەژشەی لە من کرد، بە هەچوونێکی زۆر ناڕەواوە پێلاماری دەستوخەنجەری شاعیرانی باشی کوردی دا، وەک: شێرکۆ بێکەس و ئەحمەدی مەلا و بەختیار عەلی و من. وەک ئەوەی پێلامارەکەی نەخشەیەکی لەمێژینەی بووبێت.

منیش گوتم: ئەمانە و چەند کەسانێکی دی بنەماکانی نوبەخشیی شیعری

کوردییان داشتووە و نەخشەکێشیان فراوانکردووە، هەروەها نەخشەی خەبوونی خێشیان دامەزراندووە، هەزی زانینی زمانی کوردی و شیعرییەتی زمانی کوردی لە بیرکردنەوەیاندا خەمیوە، شیعر لایان بووەتە ناوەند و هەهەندێکی شێوە ڕوحی و لەناویدا ماونەتەوە و پڕۆژەی تەواوکاری بوونیانە. بڕاورد بوان، تۆ شاعیرێکی پڵۆ شش و حەوتی. بەبایبوونێکی بەتاڵەوە، گوتی: ئەگەر من بۆ زمانێ پڕۆپووتەی کوردیم نەنووسیبووایە.

بۆ زمانی هەڕەندیم بنووسیبووایە، ئێستا وەك وەرگرێکی خەڵاتی نەبڕە باسم دەکرا و بە پارێزەوە لەگەڵم دادەنیشتن، منیش بۆ دڵدانەوە و دروستکردنی دۆخێکی تەندروست، گوتم: بۆچاونی بۆ، پێش ناوی تۆ، وابزانم ناوی شاعیرانی وەک: دکتۆر شێ و حەبیب عەلی میرانی و حەمە عەلی وریام لە لیستی پاڕەوراوانی نەبڕەوە خوێندووەتەوە و لە پێشبڕکێدان، ناویان لە لیستەکەدا بڕۆو ناوەیەکەم و دووەمکان بڕزبووەتەوە و لە وەرگرتنی خەڵات نزیک بوونەتەوە.
ئەڕە شیعری بگۆرد بۆ کام دۆخی تەندروست و شکڵی نووسینەوە بتنووسین و ڕێزیخگرتن و خەهەڕخستنی نووسین، شەرحی حاڵت دەبۆ چی بڵت. بە هەموو هەزی بیرکردنەوەت بەرەو شکڵی شیعر و شیعرییەت بڕۆ، دواتر نەبەڕیش بەدوایدا دێت.

شوباتی ۲۰۲۰ هەولێر

تێبینی:
مەوجوود سامان وەک ڕەهەندی دەربڕین، بۆ شاعیرێکی قووڵ و گرینگ دەزانم و تەواوی شاعیریەتی خۆی لەسەر ئەم خاڵەدا بنیادناوە، بەڵام بۆ هیچ شۆڕشێک پێویستی بۆ نوێبوونەوە نییە، لەناو شێواز و هونەر و زمانی باودا دێت و دەچێت. لە شێواز و هونەر و زماندا خەبوونی خۆی نییە و ڕاگوزەرێکی ئاساییە، بەتەنگ وردەکاری و خواستی شێواز و هونەر و زمانەوە نییە.

لە سێبەری چیادا … حەیدەر عەبدولڕەحمان

پرسەیەك

باران بە لێزمە دەباری، بەڕام بەلامەوە گرنگ بوو، نمایشی (لە سێبەری چیادا) ی هیوا سوعاد ببینم ، بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەکی بەراورد کاری نێوان ئەو بەرهەمە تازەیەو بەرهەمی پێشووی (ئافرەت لە دێزەخ دا) بکەین و ئاستی پێشکەوتن یان شکست هێنانی ببینین، ئەگەرچی هەر بینەرێك پێشتر پێشبینیەکی تایبەتی خۆی هەیە و دەزانێ هەندێ لەو دەرهێنەرانە نوێ بوونەوەی بەردەوامیان پێوە دیارە، هەندێکی تریان وا خولقاون کە توانای گڕانیان نەبێ و نەتوانن لەو قالبە چەق بەستووەی هەیانە هەنگاوێك بچنە پێشەوە.
لەو سەنگەیەوە ئەگەر ئەو بینەرە لە قەیرانی شانۆدا نەژیابا، ئەوە خۆی بەربژێر دەبوو لەوەی کامە شانۆگەری ببینی َ و کامە نەبینێ ، چونکە بینەریش مافی خۆیەتی پەروەردەیەکی دروست بۆ خۆی دابنێ ، چۆن ئەکتەرێك یان دەرهێنەرێك هەوڵی بەرەو پێشەوە چوونی خۆی و پەرەپێدانی هوشیاریی خۆی دەدات، بەهەمان ئاراستە بینەریش هەمان هەسووکەوت لەگەڵ شانۆدا دەکات، چونکە ئاستی نمایش کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی خۆی بەجێ دەڕێ لەسەر مەعریفەو ئاستی چێژی بینەر.
رەنگە کاریگەرییەکانی بینینی بەرهەمی داتەپیو بۆ کەسیك کە کاری رەخنەیی ئەنجام بدات، قورستر بێت لەئەرکی بینەرێك، چونکە هەمیشە بەرهەمی شانۆیی بەپێز، گۆ تینێکی گەرم بەرەخنەگر دەدەن و پانتاییەکی ئەوەندە بەرفرەوانت بۆ دەهێسنن، هەرگیز نەتوانی دەست لەگەردنی قەڵەم هەڵگریت، تۆ هەرچەند لەکرێك و فانتازیای نمایش نزیك دەبیتەوە، ئەو هەزار ئەوەندە لێت دوور دەکەوێتەوەو ناچاری ئەوەت دەکات ڕەدووی کەوێت ..بەڵام بەرهەمی ڕوخاو جگە لەوەی هیچت پێ نابەخشیت، لە هەمان کاتدا دەتخاتە نێو قەفەسیش و دەتخنکێنێ.
زۆر جاران ڕەخنە بەها لێزیکیەکانی خۆی لەدەست دەدات، کە بیەوێت، بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکان بە ئەنقەست ئاراستە ڕاستەقینەکانی خۆی بگۆڕێ، بۆ َ پەردەپۆش کردنی شکستی دەرهێنەر خۆی لەقەڕەی نمایشکی ڕوخاو بدات و موزایەدە بۆ دەرهێنەرێك یا بەرهەمکی شانۆیی بکات، ئەو کات ڕەخنەش دووچاری هەمان شکست دەبێت کە

رووبەرووی شانۆگەریەکی روخاو بۆتەوە.

ئەوەی لەپەراوێزی هەندێ لەو نمایشانەدا دەیەخسێ ئەوەیە کە فەشەل هێنانی دەرهێنەرێك تەنها هاوکێشەیەکی نەرێنی نیە بۆ دەرخستنی بۆ دەسەڵاتی دەرهێنەرێك و شکست خواردنی ئەزموونێکی، بەڵکو ئەو کاریگەرییە نەرێنیە هەر بەرهەمێکی شانۆیی کاریگەری تایبەتی خۆی لەسەر شانۆ بەگشتی بە جێ دەهێڵێ و لەرووی مێژوویی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و هونەری و دەروونییەوە ئاسەوارو تەواونێکی نەگەتیفانە بەسەر قۆناغەکانی شانۆ بەجێ دەهێڵن کە بینەر تێیدا هەست بەنامۆ بوون و ڕەشبینی بکات بەرامبەر بەئایندەی شانۆی کوردی و هەلومەرجەکانی.
هەرگیز بەرهەمی کرچ و کاڵ ناتوانێت لەکەشو هەوای سێ بووی شانۆ لەناوچەیەکدا بگونجێت، یان تەکانێکی پێ بدات، یاخود ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتی پێ بەرز بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە مەودای بینەرو شانۆ زێتر لێکتر دوور دەکاتەوە، قەوارەی قەیرانی بینەر بەرفرەوانتر دەکات.

بۆیە ناشێت بینەر وای بۆ بچێ کە ئەو بەرهەمانە تەنها ناسنامەی ئەو دەرهێنەرانە ئاشکرا دەکەن و متمانەی بینەرانی شانۆیان لێ دەسڕندرێتەوە، بەڵکو دەبێت ئەوان ئەسەف بۆ ئەوە بخۆن کە ئەو دەرهێنەرانە لەپای ئەو شانۆ فرێشیە، هونەری گەلێك دەخەنە مەزاد و سووکایەتی بە کولتووری ئەوان دەکەن .

بینەری ئەمە ئێستاکە بینەری تەنیا شارێکی تایبەتی نیە، بەڵکو بینەری هەموو کوردستانە، بەشارو شارۆچەکانیشەوە، کەسێکی نابەهەد نیە لەو بزاڤە شانۆییە گەرم و گوڕەی ئێستاکە لەکوردستاندا لە ئارا دایە، ئەگەر زۆرینەی ئەو شانۆگەریانەی نەبینێت، ئەوە ئاگای لەتەواوی چالاکییە شانۆییەکانەو دەزانێ شانۆ ئێستاکە وەڕای هەموو تەنگژەو ئاریشاکان لە دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە، بۆیە بەئاسانی دەست بەرداری ئەو ئومێدە نابێت کە بەئایندەی شانۆی کوردی دروستی کردووە.
گەمەکردنی هەندێ دەرهێنەر لەو دەرهێنەرانەی خۆیان بە قۆناغە تازەکەوە هەڵواسیووە و دەرهێنەری ماوە بەسەرچوویان پێ دەڵێن، بەعەقلو مەزاجی بینەر بۆهودە دەبێت، ئەگەر نایانەوێت نان و پیاز بە شانۆوە بخۆن و بەراستەقینە بەرژەوەندی باڵای گەلەکەیان بەلاوە گرنگە، با هەرچی زووە ئیعلانی دەست هەڵگرتن بکەن لەشانۆو دان بەوەدا بنێن کە زەمەنی ئەوان کۆتایی هاتووەو ناتوانن لەو زەمەنی ئێستاکەدا بەهەمان ریتمی رابووردوو بژین ..

هیوا سوعاد ـ که تەمەنێکی زۆری لەگەڵ شانۆدا بەسەر بردووە، لەدوا ئەزموونی خۆیدا (لە سێبەری چیادا) جارێکی دیکە سەلماندی کە ناتوانێت ئەو سنوورە تەقلیدییە تێپەڕێنێ، چونکە تێپەڕاندنی سنوور رووەکێکی سروشتی نیە لەخۆیەوە دروست بێت، ئەگەر دەرهێنەر نەبێتە پارچەیەك لەگەڵ انکاریيەکانی شانۆ پێشکەوتنەکانی، لەرێگەی گۆڕینەوەی ئەزموون و تەفاعول کردن لەگەڵ دەرهاوێشتە نوێکانی شانۆ خۆتەرخانکردن بەپیشەی شانۆیی و بەشدار بوون لەوەرك شۆپ و بە پراکتیك کردنی تیۆرە شانۆییەکان ..

خۆ خزمەتکردن بەشانۆ هەر تەنها خۆ هەڵواسین نیە بەکاری دەرهێنانی شانۆیی، ئەو لەبری ئەوەی پێگە کارگێڕییەکەی خۆی بۆ قۆرخ کردنی دەرفەتی کارکردن بقۆزتەوە بۆ خۆی، وا چاکترە ئەو دەرفەتانە بەگەنجە شانۆکارەکانی شارەکەی ببەخشێ، کە بەحەسرەتی ئەوەن ساڵانە جارێ بەرهەمێکی شانۆیی نمایش بکەن .
ئەو پارسان (ئافرەت لە دۆزەخ دا)ی نمایش کرد، هەموو بینەرانی خستە گومانەوە، چونکە ستایل و فۆرمی شانۆییەکە بەزەقی دیار بوو، ئەو کات گوتم: دەبێ ئەو دەرهێنەرە بە یەکجاری دەست لەشانۆ هەڵدەگرێ، لەبەر ئەوەی تازە ناتوانێت رێکەوتێکی تری وەك ئەم رێکەوتە بۆخۆی دروست کاتەوە.
ئێستا دوای نمایش کردنی (لە سێبەری چیا) و ئەو شکستەی دووچاری شانۆگەریەکە بۆوە، گومانەکانی بینەر بۆ نمایشی ئافرەت لە دۆزەخ یەکلا بۆوە.
دەرهێنەر هەوڵی ئەوەی داوە تەقلیدێکی شانۆی یەکەم بکاتەوە لە رووی ستایل و فۆرم، بەڵام جگە لە چۆنێك گرتن نەبێت لەو تەقلید کردنەوەیە هیچی تری هەنەهێنجاوە.

رەنگە دەرهێنەر دووچاری جۆرێك لە واهیمە بووبێت کە پێی وابێ ئەو جگە لەوەی دەرهێنەرێکی مۆدێرنی سەردەمی نوێیە، لەهەمان کاتیشدا نووسەرێکی شانۆیی دەست رەنگینە لەداشتنی فەلسەفەی شانۆگەریەکەو هونینەوەی دیالۆگ و بەرز راگرتنی کرۆکی ناوەرۆك و فۆرمی شانۆگەریەکەی، لەمەشدا خۆ پەرست بووە کە بەو توانا پەپووتەی نووسین، دەقێکی پڕ پڕو دیالۆگ لاوازەوە، تێکستی شانۆگەریەکەی خستۆتە سەر شانی خۆی.
ئەوەندەش بەلاوازی دەقەکەی داشتووە، کە دەقەکە ببێتە بونیاتێکی داتەپیوی ئەوتۆ، بوار نەهێسنێ بۆ دروست کردنی وێنە و دیمەنی لێکتر جودا کە جێرە هەمە رەنگییەك بداتە بونیاتی شانۆییەکەو بینەر لەو شیوەن و گریان و سینگ کوتانەی ژنان رزگار بکات و

هەناسەیەك بە جێ بێڵێ بینەرو دەرباز بوون لەو ماتەم گێیە بەردەوامە بێ تام و چێژە، کە فەزای شانۆگەریەکەی دووچاری خنکان کردبوو، دەرهێنەر دەیەوێ بەشێك لە چاوەوانی و ئەشکەنجەو ئازاری بێ هوودەی سێ ژن نیشان بدات، کە بەهاوسەرو کوڕو براکانیان قوربانیان داوە، کەچی قولاربانیەکان لەپای لە بیرکردنی ئەو قوربانیانەو پشت گوێ خستنیان ئەو ژنانە دەخاتە نێو بازنەی ئەشکەنجەو ئازارێکی دەروونی، بەڵام دەرهێنەر هەر سێ ئافرەتی بە یەك شێوە دەرخستووە، کە ئەگەر لە بری سێ کاراکتەر تەنیا یەکیش بوایە هەر وەك یەك بوو، دواتریش ئافرەتی کوردی ئەوەندە بێ دەسەڵات و بێ بڕوا دەرخستووە، کە جگە لە گریان و شێوەن نەبێت هیچ ڕەخنەکی دیکەی مقاوەمەت و ئازایەتی و خێ راگری تێدا نەبێت ، نەك هەر تەنها لەسەربوردەو چیرۆك و بەسەرهاتەکانیان، بەکو لە نواندنیش دا وەك تەنها ئافرەتێکن کە دابەشی سەر سێ کاراکتەر کرابن، بەڵام بە بێ ئەوەی ئەو دابەش کردنە بەئامانجێکی هونەری کرابێت و جوانیەك بە نواندن ببەخشێت .
شانۆگەریەکە بەشێوەیەکی داخراو بە دەوری تەنیا بازنەیەکدا خول دەخواتەوە و دەرهێنەر دەسەڵاتی دەرچوونی نیە لەو بازنە داخراوەدا، بێ دروست کردنی دیمەن و وێنەی تر، کە جۆرێك لە هەمە ڕەنگی وێنە دروست بکات ، تا ئەو شوێنەی شانۆگەریەکەی لە نێو قەیرانی وێنەی درامی و ستاتیکی دا نغرێ دەکات و هەناسەیەك بێ بینەر بە جێ نەهێڵێ بێ حەسانەوەی مێشك و بینین .

لەو لاشەوە دەنگی ناوازە و ژاوەژاوی موزیك بینەر کاس دەکات و هەست بەوە دەکەیت کە نمایشەکەو دیمەنە دوورو درێژو دووبارە کراوەکانی، تەنیا بێ کات تێپەڕاندن و درێژ کردنەوەی نمایش و بێ دەسەڵاتی دەرهێنەرە لە دروست کردنی وێنەی درامی .
بینەر بە درێژایی نمایش تەنیا دیمەنێکیش نابینێ ، بیوروژێنێ، شتێ لەزاکیرەی دا بە جێ نامێنێ مێشکی زاخاو بداتەوە، بێیە لە کۆتاییە ساردو سڕو مردووەکەی نمایش دا ، بەدەست بە تاڵی لەشانۆدا دێتە دەرەوە، وەك ئەوەی هیچی نەدیبێ .

کتێبی پێشەکییەك دەربارەی شوێنەوارناسی.. ئەحمەد کامەران

پێش ئەوەی دەست بکەم بە نووسینی ئەم وتارە پێویستە پرسارێك لە خۆم بکەم ,پرسیارەکەشم ئەوەیە کە ئایا منی خوێنەر بۆچی کتێبێك بەناونیشانی پێشەکییەك دەربارەی شوێنەوارناسیم خوێندۆتەوە؟
بێگومان بۆ وەڵام دانەوەی پرسیارەکەی خۆم دەبێت بگەڕێمەوە بۆ 10ی نۆڤەمبەری ساڵی 2018 کە ئەوکات بەیەك ڕۆژی قوتابیەتیم بوو لە زانکۆ لە بەشی شوێنەوار بێگومان ئەو بەرواڕە بۆ من بە وێستگەیەکی نوێ ژیانم دادەنرێت , واتە لێرەوە من پەیوەندی خوێندنەوەم لەگەڵ ئەم کتێبە دروووست کرد وە یەکەم کتێبی شوێنەواری بوو کە خوێندمەوە کە لەپێشتردا هیچ جۆرە کتێبێك بەناونیشانی بابەتی شوێنەواری نەخوێندۆتەوە بەڵکو تەنها گوێبیستی ناوی شوێنەوار بووم بەشێوەیەکی زۆر سادەو ساکار کەچی کاتێك چوومە نێو خوێندنی ئەم زانستەوە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ لەنێو ئەم زانستەدا شتی ئاڕاز ونامۆ بەرچاوم وبەرگوێم دەکەوت کە ئەمەش بۆمن شتێکی سەرسوڕمان بوو چوونکە زانستێك وەکو شوێنەوار کە خاوەنی ئەم زانستە دێرینەیە کەچی ئێمە لەکاتی قوتابی بوونمان دا لە قوتابخانە لە هیچ قۆناغێك بابەتێکمان بەرچاو نەکەوت بەناونیشانی شوێنەوار و کەلەپوور لە پاڵ وانەکانی ترمان دا , ئیتر ئەمەش وای کرد کە ناوی ئەم زانستە بۆ من کەمێك جێگای نامۆبێت, هەرچەندە من لەپێشووتردا وتارێکم لەڕۆژنامەی خەبات ژمارە(5749) 14|5|2019 نووسیبوو بەناونیشانی(لەناوەندەکانی خوێندندا بابەتی شوێنەواری فەرامۆش کراوە) کە لەوتارەکەمدا بەشێوەیەکی کورت ئاماژەم بەنەبوونی وانەی شوێنەواری کردبوو لەپاڵ وانەکانی تری خوێندن دا, چوونکە پێم وایە بەدانانی کتێبێکی کورت وپووخت لە بواری شوێنەواری لەنێو قوتابخانەدا ئاشنایەتیەکی سەرەتایی دروووست دەکات بۆ قووتابی سەبارەت بە ناسینی شوێنەوار بە تایبەتیش بۆ قۆناغی سەرەتایی.
خوێندنەوی کتێبی پێشەکییەك دەربارەی شوێنەوارناسی کە لەلایەن تەقی ئەلدەباغ نووسرابوو وە هاوکاتیش لەلایەن نووسەرو مامۆستای زانکۆ بەڕێز سەباح پیربابەوە کرابوو بەکوردی لە ساڵی 2007 چاپ کرابوو لە هەولێر, کاتێك کە یەکەم ڕۆژی کارەکەم بەڕێکرد پێش ئەوەی بڕەوە سەردانی کتێبخانەی کارەکەمان کرد وە کەمەڵك فایل دانرابوو کە هی بەشە جیاوازەکان بوو ئیتر منیش بەشەکەی خۆم دزیەوە دەستم کرد بە گەڕان بەدوای چەند کتێبکی شوێنەواری

بۆئەوەی تۆزێك تینویەتیەکەم بشکێت دەربارەی ئەم زانستەدا پاش ئەوەی لە فایلەکەدا گەڕام چەند کتێبکم بەرچاو کەوت منیش ناوی کتێبەکانم نووسی ۆیشتم بەرەو لای کارمەندانی کتێبخانەکە بۆ ئەوەی ئەو کتێبانە پێم بدەن, هەرچەندە سێ کتێبم هێنا کە یەکێیان پێشەکیەك دەربارەی شۆنەوارناسی بوو ئیتر ئەم کتێبە سەرنجی منی ڕاکێشا وای لە من کرد کە دەست بدەم لەلاپەڕەکانی بۆ خوێندنەوی بەڵام کات زۆر درەنگ بوو , وە زۆریش ماندووبوم بەڵام بۆیارم دا کە وێنەیەکی کتێبەکە بگرم بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بڕۆم لە بازار لە کتێبخانەکان بیکڕم منیش وام دەزانی ئەستا ئەم کتێبە زۆر بە ئاسانی دەستم دەکەوێت لە کتێبخانەکان کەچی هەموو کتێبخانەیەکم کرد گوتیان نەماوە چوونکە کتێبەکە ساڵی چاپکردنی زۆر کۆن بوو, بەڵام منیش هەر بەردەوام بووم هەتاوەکو لە کۆتایی دا لە یەکێك لە کۆشکەکانی بەرامبەر قەلات بە دەستم کەوت کە تەنیا یەك دانەی مابوو لەژێر ژێرەوە کتێبەکان بڕمی دەرهێنا, کاتێك دەری هێنا کتێبەکە بەڕاستی زۆر کۆن بوو بەرگەکەی هەمووی پیس ببو منیش تۆزێك نیگەران بووم, بەڵام نەمهێشت ئەم کتێبە وا بمێنێتەوە هەربۆیە لەگەڵ دەستی خۆم تیپێکی ئاویم کێ و بردمەوە بۆ ماڵەوە زۆر بەجوانی لێم داو خاوێنم کردوە ئیتر ئەوکاتە هەستم بە ئارامی کرد چوونکە نابێت کتێبێك بەو شێوەیە بەرگەکەی کۆن دڕاو بێت وە منیش گرنگی پێ نەدەم خۆ لەکۆتایی دا ئەوە کتێبە من فێری زانست و ۆشنبیریم دەکات .

کتێبە لە 102 لاپەڕە پێك هاتبوو کە زۆر بەشێوەیەکی کورت و پووخت باسی زانستی شۆنەواری دەکرد یاخود دەتوانم بڵێم وەکو دەرگایەکی سەرەکی بوو , بۆ ئاشنابوون بەزانستی شۆنەوار کە زۆر بەوردی پەنجەی خستبووە سەر لایەنەکانی ئەم زانستە پەراوێزخراوە , وەجیگای دەست خۆشیە بۆ مامۆستا سەباح پیربۆ کە هەستابوو بە خامە ڕەنگینەکانی ئەم کتێبەی وەگۆڕابوو بۆ سەر زمانی کوردی جگە لەوە خۆیشی کتێبکی تری هەیە کە لەلایەن خۆیەوە نووسراوەتەوە بە ناونیشانی (ئارکیۆلۆجیا لە کوردستان) کە بەهەمان شێوە تیشك دەخاتە سەر شۆنەوار و شۆنەوارناس چەندین پرسی گرنگی شۆنەوار, جێگای ۆزە مامۆستا سەباح پیربۆ کە هەستاوە بە دانانی ئەم دووکتێبە شۆنەواریە بە زمانی کوردی , کە هەرچەندە خۆی مامۆستایە لە بەشی مێژوو بەڵام بەهۆی خەمخۆری بەۆزیان بۆ بەشس شۆنەوار هەستاوە بە ئەنجام دانی ئەم کارە جوانە, بۆگومان هەمیشە کاری جوان جێگای باسکردن و ۆزە, لەگەڵ ئەوەشدا بەشی شۆنەوار لە ووی کتێبی کوردیەوە زۆر هەژارە بۆیە دەبێت خەمخۆری زیاتر هەبێت بۆ زانستی شۆنەوار , چوونکە شۆنەوار ناسنامە و شارستانیەتی هەموو گەڵکە , کە هاوکاتیش کورد لەو شارستانیەتە بەدەر نیە کە خاوەنی

شارستانیەتکی زۆر گەورەیە, بۆیە دەبێت بیانپارێزین و هەتاوەکو لەناونەچن یاخود نەکەونە دەستی دووژمنان.

دیاردەی تاوانی دەست درێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان … پارێزەر/ لوقمان مصطفی صالح

تاوانی قێزەونی دەستدرێژی کردنە سەر کچێکی تەمەن(٧)ساڵان لە هەولێری پایتەخت،وویژدانی هەموومانی بریندارکرد،سەبارەت بەو کەیسەی لە هەولێر رووپداوە کە چەند تەمەتبارێک(اغتصابی) کیژۆڵەیەکی تەمەن(٧)ساڵانیان کردوە و پاشانیش تەمەتبارەکان بە کەفالەت ئازاد کراون،وەک باوکی دەڵێت بەهەی ئەوەی حیزبێکی دەسەاتدار لەپشتیەتی،لە ئێستادا هەرشەی کوشتن لەسەرخەم و ئەندامانی خێزانەکەشم هەیە.

ئەگەر لە رووی یاساییەوە لەم کەیسە بەوانیین ەاستە خودی مادەی(٣٩٣) کفالەی تێدایە ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەم کەیسەدا سێ خاڵی سەرەکی تێدایە کە دەبێتە هۆی زیادکردنی سزاکەی بۆ پێی فقرەی 2 بەگەی (أ و ج) تەمەتباران باری سزایی قورسیان بەسەردا دەسەپێندرێت و بەڵکو زۆر جار سەردەکشێت بۆ اعدامیش (وەک دەزانرێت سزای تاوانێکیش اعدام بۆ کفالەی تێدا نیە) ئەویش هەرسێ خاڵی وەک:
1- تاوان لەسەر کراو اغتصاب کراوە،تەمەنی تاوان لێ سەرکراویش لە خوار ١٨ ساڵەویە.
2-رفاندوویانە واتە(خطف) ماددە (421) لەیاسای سزادانی عێراقی(ئەگەر مەبەست لە کردەوەکە بۆ دەستهێنان یان دەست درێژی کردنەسەر ناموسی تاوانلێکراو یان تولە سەندنەوە لەی یان لە کەسێکی تربو بێت
3-وە زیاد لە یەک کەسیش تاوانکەیان ئەنجامداوە، بۆیە (تشدید)ی (عقوبە)یان بۆ دەکرێ و بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ بە (کفالە)ت ئازادبکرێ ، بەڵکو دەبێ تەمەتبار لە(توقیف)دا بمێنێتەوە تا

ڕۆژی دادگایکردن و دەرچونی حوکم.
یاسای سزادانی عێراقی سزای یاسای دەستدرێژی سێکسی لەگەڵ هەر کەسێک کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت جا دەستدرێژی بێت یان بە خواستی خۆی بێت بە تاوان دادەنرێت، ئەگەر بە دەستدرێژی بێت بە پێی مادەی ٣٩٣ لە یاسای سزا دانی غیراقی بەپێی ئاستی دەست درێژیەکە سزاکەی دیاری دەکرێت لە ساڵێک تا ١٥ ساڵ و هەتا زیندانی هەتا هەتای و وە لەسەدار دانیش دەگەڕێتەوە ئەگەر دەستدرێژی کوشتنی لێبکەوێتەوە". وەسزای رفاندنیش واتە (خطف) ماددە (421) لەیاسای سزادانی عێراقی سزاکەی بریتیە لە بەند کردن کە لە ماوەی پانزدە ساڵ زیاتر نەبێت.(ئەگەر مەبەست لە کردەوەکە بە دەستهێنان یان دەست درێژی کردنەسەر ناموسی تاوانلێکراو یان تولە سەندنەوە لەی یان لە کەسێکی تربو بێت.

هەی یاسا لە تاوانی دەستدرێژی سێکسیدا ئەگەر تاوانەکە دوای ئەنجام دانی ببێتە کێسێکی یاسایی، ئەوا یاسا زور بە وردی کاری لەسەر دەکات،ئەوانەی لەو تەمەتە تەمەتبارەبن بە کەفالەت ئازاد کردن نایانگرێتەوە، دادگاکان و ڕێکارە یاساییەکان لە دژیان دەبێت، وە سزای قورسە وردبینیشی تێدا قورسە، زور جار ئەو تاوانانە نابیتە ئامار کاری لەسەر بکرێت، بەڵام بەشێکی زور لە هەڵکشان دایە،زور جار ئەو منداڵانەی ئوبەوی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە لە لایەن خانەوادەیان کارەکە پەردە پوش دەبێت لەبەر زاڵ بونی دابو نەریت وە زور جاریش کە دەبێتە کێسی یاسایی سوحی عەشایەری دەکرێت تەنازول لە مافی تاوان لێکراو دەکریت، بەڵام گرنگی ئەوەیە کە دەبێتە کێسی یاسایی و تەنازول بکرێت و نەکرێت تاوانبار هەر سزا دەدریت لە بەر ئەوەی مافی گشتی تَێدایە. بەیە دەبێت لەم کێسەدا داواکاری گشتی بەشەی خۆی هەستێ و هەم ببێتە سکاڵاکار لەلایەک و هەم چاودێر لەسەر بەڕێوەچوونی دادبینیەکە.

بە تەکتیکێک دووبارە روحی

بەرەنگاریتـــان کزنەکەنـــەوە … عیماد عەلی

کە ناڕازیبون لە نێو خەڵکدا گەیشتە چەپەپە، تەنها پێویستی بە مەشخەڵەکە بوو بۆ دەربڕینی راوبۆچون و روحی ئۆپۆزسیۆنبونی خەڵکی بەش مینەت و ناڕازی کوردستان. هەر لەو کاتەدا بزوتنەوەی گۆڕان بە ئاسانی و لەسەر زەمینەیەکی ئامادە ئەو هەلەی قۆستەوە و زۆرێنەی دەنگی ناڕازی بۆ خۆی فەراهەم کردو بەڕاستی سواری روحی ناڕازیبونی خەڵك بوو، بەڵام کە بوو بەحزب و بەرژەوەندیەکانی خۆی فەرزکرد و تموحی شەخسی زاڵبوو، ئەو روحەی خەڵکی ناڕازی کوژراو وای لێهات کە خەڵك باوەڕی بە هەمووان و بە خودی ناڕازیش کز بێت و گۆڕانیش شکستێکی گەورەی خوارد وئەوەتا تا دێت پاشەکشە دەکات، بەڵام ئەو زیانی بە گەلی کوردستان گەیاند و روحی ناڕازیبون و بەرەنگاری و متمانە بە خۆبونی خەڵکی کوشت.
ئەمڕۆش وا خەڵکی ناڕازی رق و کینەی گەیشتوتە بیناقاقای و بگومان لە کاتێکی تایبەت و زەمینە رەخساو هەموو هەوڵێك بۆ گۆڕانکاریەکی ریشەیی دەدات و تاسەر قبوڵی ئەم گەندەڵی و ماڵ،یرانیە ناکات و هەمیشە گەل ڕێ راستکەرەوەی هەڵەکردنی حزب و کەسایەتیەکان بووە لە مێژوودا و کوردستانیش لەوە بەدەر نیە.
بەڵی ئەوەی لەسەر ناحەقی دروست بێت ناحەقیە، بۆیە دەبێت (ما بُني على الباطل فهو باطل)وەکو پەندەعەرەبیەکە دەڵێت:
هاوڵاتیانی کوردستان ئاگادار بن، وەکو چۆن باوەڕتان بە دەسەڵاتی گەندەڵی کوردستان نیە، ئاواش باوەڕتان بە هیچ کەس و لایەنێك و هیچ پەیمان و قسەی پڕچەڵ و بەرژەوەندیخوازانەیەك نەبێت، بەتایبەتی کە بزانن لە بنەچەدا ئەوانیش فێڵیان کردووە لە میلەت و ئەوەی یەکجار ساختە لە خەڵك بکات هەرچەند بێت و لە هەر کۆیەکدا بێت هەزارجاری تریش دەیکات بۆ خۆی و حزبەکەی، ئەگەر ئەوان بۆ مەبەستی تایبەتی و تەکتیکی ڕۆژانە ئەم جموجۆڵە دەکەن وتەنانەت کەمپانیا و حزبەکانیان لەسەر حسابی ئەوە بۆ قازانجە بازرگانیە تایبەتیەکانیان دەبێت و ئەمانە قوتابی دەستی دەسەڵاتی گەندەڵ و فێوفرتەکانین.
بۆیە، دەبێت هاوڵاتیانی بەڕێز بەخۆیان چاوەڕێی زەمینەسازی و کاتی لەبار بن بۆ خۆی پاڵدەنیت بۆ دروستبونی ئۆپۆزسیۆنێکی راستەقینەی راستگۆی هەڵقوڵاوی هەناوی گەل و هاولاتیان خۆیاندا و لە زەمەن و زەمانی تایبەت و هەر بە سەرکردایەتی ئەو خەڵکە بە خۆیان فشاری

خۆیان بە هەموو شێوەیەك بكەن ومافی خۆیان وەربگرن و خۆیان نەكەنە دارەستی هیچ گەندەڵەك، سیاسی بێت یان بازرگان، ئەوەی خۆی لە خۆیدا هیچ نەبێت ناتوانێت هیچ ببەخشێت، بۆیە ئەم جموجۆڵانەی هەندێك كەس و لایەنێك لەبەر چاوی كاڵی میلەت نیە و تەنها لە پیناو ئامانجی سیاسی و بازرگانی تەسكی كەسی وحزبی خۆیان و حزبەكەیانە بە تاق وتەنها و بەم جموجۆڵانەیان تەنانەت گەی ناخی خەڵكی ناڕازی كپ دەكاتەوە و هیچ بەرئەنجامێكی نابێت. بۆیە دەبێت خەڵكی هەژار و زەحمەتكێش و كەم دەرامەت كوردانی خۆیان نەكەن بەقوربانی ئەو مەبەستە تەسكانە و مەرامی تایبەتی خۆیان دەیانەوێت خەڵكی بێ بەكار بێنن، ئەمەش هیچ پەیوەندیەكی بە مافەكانی خەڵكەوە نیە و بەڵكو دووبارە بە هەمان رەفتارەكەی گۆران روحی بەرەنگاری و ئۆپۆزسیۆنبونی خەڵك ئەگەر نەكوژن ئەوا كزی دەكەنەوە. ئەگینا ئەگەر بزانن ئەو كەڵنانەیان لای دەسەڵات پر دەكرێتەوە بێ یەك و دوو بە هەموو شێوەیەك ملكەچی ئەم دەسەلاتە گەندەڵ و ساختەچیەی وەكو خۆیان دەبن..

...پاشكۆوت ... تێكست : د. چیا زەنگەنە وەرگێڕانی : پشكۆ ناكام

بڕۆ...
بڕۆ بۆ پاشكۆوت
نەخێر بۆ دەست بۆاویی
چونكە
پاشكۆوت ئامانكا بۆ ئەفسانەیی
بۆ قارەمانێتیی
تەقیو ، شێش ئاسا
وەك سولطانمان لێ ئەكا
لە خەشیا ئەفەین
سووكایەتیێ
سكێنەوە لە برسێتی

ئەم کە برسی بووین
هەئە پەین
هولووووووو
هەلهەلە لەئەیین
بەە
بە پاشکەوت
بە خەزنەکانی گەندەیە داەژراوەکان
بە ەووتکردنەوەی
ئەوەی پەی ئەەن : میللەت
بە بەتاڵ کردنی:
گیرفان و مەشک و مەعیدە
بە نەهەشتنی پاروو
و
حورمەتی ئینسان
تا پاشکەوت
ناوگەمان فەنک کاتەوە
ببە بە جل و بەرگمان
بە دابی منااە کانمان
بە سەرینی خەوکانمان
بە مەزاری ابردوومان
بە سیمبولی زەردەخەنەی
خەمان و هەموو جەماعەت
کەواتە:
بژی پاشکەوت

دەست بەاوەکان
هاوەی شەیتانەکان بوون
قوە و چەپاویان کردە دیاری
بە میللەت
حکومەتەکی بە معاش
پەلاماردەری ەحی
خەەکی بە معاش
بەە بە پاشکەوت
بە برسی کردن
بە تینوو کردن
بە گوشین.. بە دەشین
بە گیرفان و بن باخە گەان

بە لەسەر ئەرز نووستن
بە بێ
بە حەسیرکی چکن

بێ گەورەم
بە ناوی خەم
و
هەموو کەرامەتکی پاک کراو
سوپاس
بە مەرحەمەت
بە پاشکەوت